KCCRC

Islamic Studies

# گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە

## ئاییندەی کەتائیبی حزبوڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٤٤

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە
# ئاییندەی کەتائیبی حزبولڵا و
# بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا


مایکڵ نایتس

وەگێرانی: حسێن ئەحمەد حسێن



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٤٤

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە ئاییندەی کەتائیبی حزبوڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا

مایکڵ نایتس

کەتائیبی حزبوڵا لەدوای دامەزراندنییەوە هەتا کوژرانی ئەبو مەهدی موهەندیسی دامەزرێنەری لە ٣/ کانونی دووەم/٢٠٢٠دا، لای ئێران خوازراوترین گرووپی چەکداری عێراق بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای کوژرانی موهەندیسەوە دەرکەوت چالاکی و هەژموونی ئەو سەرکردەیە لەگەڵ کەتائیبی حزبوڵادا هاوتەریب نەبووە. چونکە حزبوڵا ئێستاش لە عێراقدا بزوێنەری هێرشەکانی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانە. بەڵام لەڕووی سیاسییەوە کەمتر چالاکە و لەژینگەیەکیشدا کاردەکات، کە تێیدا توندتر کار لەسەر قەڵاچۆکردنی تیرۆر دەکرێت، بۆیە نکۆڵیکردن و نهێنیبوون جارێکی دیکە بووەتەوە بنەمایەکی گرنگی کارەکانی ئەو گرووپە. هاوکات سوپای قودسی سەر بە پاسدارانی ئێران-یش خوازیاری نموونەیەکی هەمەچەشنترە لە عێراقدا. لەو چوارچێوەیەشدا پشت دەبەستێت بەو گرووپانەی سەر بە کەتائیبی حزبوڵا نین، وەک (سەرایا جیهاد) و (سەرایا عاشورا). لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتر لەگەڵ کەمینەکانی عێراقدا ببەستێت، بە کۆمەڵگا سوننە و کوردە فەیلییە شیعە و تورکمانەکانیشەوە. مێژووش خۆی دووبارە دەکاتەوە، چونکە کاتێک دەبینین ئێران شانەی نوێی بچوک و پارێزراوتر لە عێراق دادەمەزرێنێت، ئەوا دامەزراندنی خودی کەتائیبی حزبوڵامان بیردێنەوە. بەهۆی زیادبوونی هێرشی میلیشیاکان دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و یادی ساڵانەی هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە ٣١/ کانونی یەکەم/٢٠١٩دا و یادی ڕۆژی کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لە ٣/کانونی دووەم/٢٠٢٠دا، حزبوڵا هاتووەتە ڕیزی پێشەوەی ئەو لایەنانەی بوونەتە هەڕەشە بۆسەر ئەمەریکا. ئەگەر میلیشیاکانیش لە بەئامانجگرتنی ئەمەریکا لە عێراق بەردەوام بن، ئەوا واشنتۆن هەڕەشەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی و وەڵامدانەوە بە هێرشکردنە سەر دەیان ئامانجی سەر بە میلیشیاکان دەکات، کە ڕەنگە بەشێکی زۆریان سەرکردە و پێگەی سەر بە کەتائیبی حزبوڵا بن. محەممەد موحی وتەبێژی فەرمی حزبوڵا، لە ١٠/تشرینی یەکەم/٢٠٢٠دا ڕایگەیاند، کە گرووپە چەکدارەکان هێرشەکانیان بۆسەر هێزەکانی ئەمەریکا ڕادەگرن، بەو مەرجەی حکومەت خشتەیەکی بۆ کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا پێشکەش بکات. ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ سنوردارکردنی ئەو فشارە سیاسیانەی دەکرێنە سەر حزبوڵا، بەو مەبەستەی هێرشەکانی کەمبکاتەوە. بەپێی وتەی موحی ئەو فشارانە بەهۆی هەڕەشەکانی ئەمەریکاوە گەیشتوونە لوتکە.

ئەبو عەلی عەسکەری، سەرکردەی دیاری کەتائیبی حزبوڵا-ش دوای دوو ڕۆژ هانی میلیشیا عێراقییەکانی دا کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق نەکشێنەوە، بەردەوام دەبن لە پرۆسەی چاودێریکردن و خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە ئەمەریکییەکان لە عێراق و ئەو فڕۆکە (ئیسرائیلی-ئەمەریکی)یانەی بە ئاسمانی عێراقدا جموجوڵ دەکەن. لەڕاستیدا ناردنی نارێکخراوی پەیامەکان لە بنکە جیاجیاکانی نێو کەتائیبی حزبوڵاوە، یەکێکە لەو ئاماژانەی کە پێمان دەڵێن، یەکگرتوویی حزبوڵا کەمبووەتەوە و پشێوی تێیدا بەربڵاوە.

لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ئەفسانە و واقیعی کەتائیبی حزبولاوە، دیدێکی وردبین بخەینە سەر ئەم ڕێکخراوە نهێنییە. چونکە لە ئابی ٢٠١٩ لە نووسینێکدا گەیشتینە ئەوەی، کە شادەماری هەژموونی سوپای قودس لە عێراق، ئەبومەهدی موهەندیس و کەتائیبی حزبولڵایە. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کوژرانی موهەندیسدا، بوارمان هەیە چاودێری کەتائیبی حزبولا بکەین، کە چۆن بەبێ ئەو پەردە سیاسییە گەورەیە کار دەکات. دوای کوژرانی موهەندیس باسوخواسی ئەو کەسایەتییە و کەتائیبی حزبولا و میلیشیاکانی دیکە (واتا ئەوانەی

**موهەندیس کەتائیبی حزبوڵای وەک تۆڕێکی هەژموونگرتن دامەزراند و لە ڕۆڵە زۆر هەستیارەکانی حەشدی شەعبیدا متمانەی بەو هێزە دەکرد**

پێش دروستبوونی حەشدی شەعبی لە گۆڕەپانەکەدا بوون) لەناو عێراقییەکاندا هاتووەتە ئاراوە. هەندێک لە سەرکردەکانی کەتائیبی حزبولا بەهۆی ئاوێتەبوون لە نێو حەشدی شەعبی، یاخود دەستدرێژییەکان بۆسەر حکومەت، یا سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانەوە زیاتر دەرکەوتن. ئەمەش بوارمان پێدەدات، تا لێکۆڵینەوە دەربارەی پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان موهەندیس و کەتائیبی حزبولا بکەین و شیکردنەوەیەک بۆ هەژموونی موهەندیس بەراورد لەگەڵ هەژموونی حزبولادا بکەین و ڕۆڵی ئەو گرووپە و پەیوەندییەکانی ئایندەی لەگەڵ سوپای قودسدا هەڵبسەنگێنین.

لە هەوڵێکی چڕی چەند ساڵەدا لەسەر بنەمای وتارە وردەکانی پێشوو، کە زیاتر لە پێگەی (CTC Sentinel) دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر دوو توێژینەوەی پێکەوەبەستراوی لە ماوەی ٢٠١٨-٢٠٢٠دا ئەنجامداوە. نووسەر لە شەش بۆنەی جیاوازدا سەردانی عێراقی کردووە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە ٣٠ بەرپرسی ئەمنی و سیاسیدا ئەنجامداوە. وتووێژەکانیش جەوهەری بوون، زۆرجاریش گفتوگۆکان زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاندووە و جەختی لەسەر پرسی میلیشیاکان کردووەتەوە، بەتایبەت کەتائیبی حزبولا. لەنێو ئەوانەشی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، سیاسەتمەداری دیار هەبووە، زۆریشیان ئەو سەرکردە شیعانە بوون، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ سوپای قودسدا هەیە. زۆرێک لەوانە چەند جارێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، چەندین ئێبینی زۆر وردیش تۆمارکراون. گشت چاوپێکەوتنەکانیش بەهۆی هەڕەشەی ئەمنیی میلیشیاکانەوە بە نهێنییەکی زۆرەوە ئەنجامدراون. هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە بەهۆی هاوکاریان بۆ توێژینەوەکەمان تووشی هەڕەشە نەبن.

لەپاڵ ئەو چاوپێکەوتنانەی ڕووبەڕوو ئەنجامدراون، نووسەر بەچڕی لە ڕێگەی پەیوەندی ئەلیکترۆنیشەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەو کەسە عێراقییانەدا کردووە، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، لەو میانەیەشدا داوای زانیاری وردیان لێکراوە بۆ گەیشتن بە سەدان داتا و خاڵی ورد، هاوکات چەندین داتا و وێنەی گرنگ بە دەستهاتوون. هاوکات ئەو چاوپێکەوتنانەی لەلایەن نووسەرەوە لە ماوەی ١٦ ساڵدا لەگەڵ کەسایەتییە عێراقییەکاندا ئەنجامدراون، کراونەتە پێوەری هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان. ئەم شیکردنەوەیەشی لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا خراوەتەڕوو، بەرهەمی ئەو پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریانەیە.

ئەم نووسینە لە هەشت بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، باس لە چۆنێتی دروستبوونی حزبولا و

ئەرکەکەی و ڕۆڵی ئەبو مەهدی موهەندیس لە پێکهێنانی ئەو گرووپەدا دەکات. بەشی دووەمیش، کاریگەرییە ڕوونەکەی کوژرانی موهەندیس بەسەر کەتائیبی حزبولاوە دەخاتەڕوو. هەرچی بەشی سێیەمە، ئەوا تایبەتە بە هاوسەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی نێو حزبولا لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینەدا. بەشی چوارەمیش، تایبەتە بە لایەنە ناسەربازییە گرنگەکانی کەتائیبی حزبولا. بەشی پێنجەمیش باس لە چوارچێوەی جوگرافی کاری هێزە سەربازییەکەی نێو کەتائیبی حزبولا دەکات. بەشی شەشەم، باس لە ڕۆڵی کردە تایبەتەکانی حزبولا دەکات، لە

> **پێدەچێت کەتائیبی حزبولا بەناوی نوێوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان بگرێتە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستەش گرووپی وەهمی دروستدەکات و بەناوی ئەو گرووپانەوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان هەڵدەگرێت**

دەرخستنی هێزی ئێران لە ڕێگای بۆردومانە موشەکی و کارە تیرۆریستییەکانیانەوە. بەشی حەوتەم، ڕۆڵی سنوردار، بەڵکو گرنگی کەتائیبی حزبولا دەخاتەڕوو، لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان و پێشێلکارییەکانی دیکەی مافی مرۆڤدا. لە کۆتاییشدا، بەشی هەشتەم، ئەنجامی سەرەکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، هاوکات ئەو ڕێگایانەش ئاشکرا دەکات، کە ئەگەری زۆری هەیە کەتائیبی حزبولا، گرووپەکانی دیکە، سوپای قودس و تۆڕەکانی حزبولای لوبنانی لە ئایندەدا بیگرنەبەر.

## بەشی یەکەم: ڕێکخستنەوەی خشتەی کات: ئەبو مەهدی موهەندیس، گرووپەکان، کەتائیبی حزبولا

لەبەر گرنگی پەیوەندییە کەسی و گرووپەکان و گرنگی ئەو مێژووە، پێویستە بەخستنەڕووی سروشتی کەتائیبی حزبولا و پەیوەندییەکانی بە موهەندیسەوە دەستپێبکەین، ئەمەش لەڕێگای گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان و چاوخشاندنێکی سەردەمیانە بە مێژووی گرووپەکە و دامەزرێنەرەکەیدا. ڕیشەی حزبولا دەگەڕێتەوە بۆ پارتی (دەعوەی ئیسلامی) لە عێراق و (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) کە ئێران پێکیهێنا. چونکە حزبی دەعوە لە ماوەی ساڵانی دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعسدا لە عێراق (لە نێوان ١٩٦٨-٢٠٠٣)، باڵی کردە نهێنییە تایبەتەکانی خۆی (موجاهیدین)ی پەرەپێیدا. لەوکاتەشدا هێزەکانی موجاهیدین بە هەماهەنگی لەگەڵ هەواڵگری ئێرانیدا کاریان دەکرد، ژمارەیەک هێرشی تیرۆریستی لە کوەیت لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەنجامدا. ئەو کات عێراقییەک تاوانبار بوو بە بەشداری لەو ڕووداوەدا، کوەیت-یش لە دواتردا بەبێ ئامادەبوونی خۆی بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد، ئەو کەسەش ئەبو مەهدی موهەندیس بوو، کە ناوی ڕاستەقینەی (جەمال جەعفەر محەمەد عەلی ئال ئیبراهیم)ە.

لەپاڵ کردە نهێنییەکاندا، پاسدارانی ئێرانی باڵێکی سەربازی تەقلیدی بۆ (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) دروستکرد، ئەویش (سوپای بەدر) بوو، ئەم ڕێکخراوەش لە چوارچێوەی ئەو سیستمی شەڕکردنەی پاسداران لە جەنگی ئێران - عێراقدا گرتییەبەر دژی ڕژێمی سەدام حسێن شەڕی دەکرد. ئەبو مەهدی موهەندیس لە ساڵی ٢٠٠٢دا یاریدەدەری سەرکردەی (ڕێکخراوی بەدر) بوو، واتا ڕۆژانە فرماندەیی کردە چەکدارییەکانی کردووە. هادی عامری سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوی بەدر، ئەو کات سەرۆکی دەستەی ئەرکان بوو لەژێر فەرماندەیی موهەندیسدا. مستەفا عەبدولحەمید حسێن عەتابی (کە بە ئەبو مستەفا شەیبانی، یاخود حەمید سەجیل وەریج عەتابی ناسراوە) فەرماندەی (میحوەری بەغدا)

ی ڕێکخراوی بەدر بوو. هاوکات، (فیرقەی چوارەم)ی ڕێکخراوەکە لە ژێر فەرماندەیی ئەبو موتنەزەر حوسەینی (ئەحسین عەبد مەنەڕ عەبودی)دا بوو، کە ئەمڕۆ بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبییە. شارەزایی موهەندیس لە شەڕ و شەڕی پارتیزانیدا دژی ڕژێمی سەدام، سوودی هەبوو بۆ پاڵپشتیکردنی کردە چەکدارییەکانی حزبوڵا و دامەزراندنی ئەو تۆڕانەی لە دواتردا بەشداربوون لە ڕاکێشانی ئەندامەکان بۆ ڕیزەکانی کەتائیبی حزبوڵا.

## کانگای گەرای گرووپە تایبەتەکان لە عێراق

موهەندیس لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕێکخراوی بەدر کشایەوە، پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی خوازیار نەبووە لەو ماوەیەدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیان بەسەر عێراقدا گرت، بە ئاشکرا لەو وڵاتەدا کاربکات. موهەندیس و شەیبانی لە ساڵی ٢٠٠٣، لەگەڵ هاوڕێکانیان لە ڕێکخراوی بەدر نەگەڕانەوە بۆ عێراق. جا بە پاڵنەری ئایدۆلۆجی بوو بێت، یاخود بەهۆی مەترسی دەستگیرکردنیان بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکیە نهێنییەکانیان لە ڕابردوودا. بەڵکو ئەوان کاریان لەسەر بەدیهێنانی کارە لەپێشینەکانی دوای جەنگەکە کرد، وەک تۆڵەسەندنەوە لە «موجاهیدینی خەلق» (گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بوو، کە لەلایەن سەدامەوە پاڵپشتی دەکران و نێردرانە ئێران بۆ لەناوبردنی ئەندامانی ڕێکخراوی بەدر) و تۆڵەسەندنەوە لەو فڕۆکەوانە عێراقیانەی تاوانبار بوون بە بۆردومانکردنی ئەندامانی ڕێکخراوی بەدر و شیعەکان.

موهەندیس لە هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا بووە ئەندامێکی سەربەخۆ لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، لەو کاتەشەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٧، توانی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی لە ئەمەریکا بشارێتەوە. موهەندیس بەرپرسی پەیوەندیکردن بوو لەگەڵ سوپای قودسدا و لە ماوەی کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەری لە نێوان ٢٠٠٥– ٢٠٠٦دا، ڕاوێژکاری ئەمنی سەرۆک وەزیرانیش بوو. هاوکات هێڵی سەرەکی پەیوەندیکردن بوو لەنێوان چەکدارە عێراقییەکان و گەورە سەرکردەکانی پاسداراندا، وەک قاسم سلێمانی. لە پاڵ موهەندیسدا، کە کەسێکی سەربازی و سیاسەتمەداریش بوو، ئەبو مستەفا شەیبانی، کە بەتەمەن لە موهەندیس بچوکتر بوو، فەرماندەیەکی لۆجستی بوو، ئەمەش وایکردبوو لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بە (تۆڕی شەیبانی) ناوببرێت.

هاوکات بەپێی وتەی زۆرێک لە چاودێرە شارەزاکان، موهەندیس بە دامەزرێنەری زۆربەی گرووپە چەکدارییە شیعەکانی دژ بە هاوپەیمانیی دادەنرێت، هەر ئەویش لە میانەی دوو ڕاپەڕینەکەی ساڵی ٢٠٠٤، بە نوێنەرایەتی سوپای قودس، پرۆسەی چەکدارکردنی (سوپای مەهدی) جێبەجێکرد، دواتریش (عەسائیبی ئەهلی حەق)ی لە توندڕەوەکانی سوپای مەهدی پێکهێنا. یەکێک لە کەسە نزیکەکان لە کەتائیبی حزبوڵاوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەردا، وتی «(ڕێکخراوی بەدر) کانگای یەکەم بوو،.... دواتریش (سوپای مەهدی)». بەپێی ئەم وتەیەش هەریەک لە (ڕێکخراوی بەدر) و (سوپای مەهدی) لەژێر سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی سوپای قودسدا، وەک بنکەیەکی ڕاکێشانی ئەندامی نوێ لەنێو تۆڕەکانی دژ بە هاوپەیمانیدا بەکارهاتوون. واتا بە هەمان شێوەی ئەو ڕەوتەی ڕێکخراوی بەدر لە هەشتاکانەوە لەسەری دەڕوات.

## دامەزراندنی کەتائیبی حزبوڵا

کەتائیبی حزبوڵا، وەک ناوێکی دیار و هاوشێوەی (حزبوڵا)ی لوبنانی، بە پاڵنەری چەند پەرەسەندنێک بە فەرمی دامەزرا. هەروەک حەمدی مالیک دەڵێت، سوپای قودس هەوڵی دامەزراندنی تۆڕێکی دا، کە لەڕووی کردە چەکدارییەکانەوە لە سوپای مەهدی و عەسائیبی ئەهلی حەق ڕێکخراوتر و پارێزراوتر بێت. شایەنی باسە لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ – ئەیلولی ٢٠٠٧ هێزێکی نوێی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمەریکا، کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی سوپای قودس و میلیشیا شیعە عێراقییەکانی سەر بە ئێرانی

دەستگیر کرد. لە هەمان ئەو ماوەیەشدا، کاتێک ناسنامەی موهەندیس ئاشکرابوو، کوەیت لەسەر ئەو تاوانە تیرۆریستیانەی لە ١٩٨٣وە ئەنجامیداون، بەبێ ئامادەبوونی خۆی دادگایی کرد، موهەندیس لە عێراق هەڵات. هاوکات هێزەکانی هاوپەیمانیی لە نیسانی ٢٠٠٧، برایەکی شەیبانیان دەسنگیرکرد. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەیلولی هەمان ساڵدا، ئەبو مستەفا شەیبانیان خستە نێو لیستی تیرۆرەوە.

بازنە تەسکە نوێیەکەی (کەتائیبی حزبوڵا) لەو چەکدارانە پێکهات، کە بە وردی لە نێو پێنج گرووپدا هەڵبژێردران، ئەوانیش: (لیوای ئەبولفەزل عەباس)، (کەتائیبی کەربەلا)، (کەتائیبی زەید بن عەلی)، (کەتائیبی عەلی ئەکبەر) و (کەتائیبی سەجاد). پێش ساڵی ٢٠٠٧، هەواڵگری هاوپەیمانان هەندێکجار بە (ماڵی پێنجەکە) ئاماژەیان بۆ دەکرد. هاوکات چەند میلیشیایەکی بچوکتری شیعەشی دەگرتەوە، بۆ نمونە (سەرایا موختار)، (سەرایا قەساس)، (سەرایا ١٥ شەعبان)، (حەرەکەی حزبوڵا لە عێراق) و (حەرەکەی سەیدولشوهەدا). شایەنی باسە موهەندیس لە ئێران، لە سەربازگەی سوپای قودس لە شاری کرماشان، کادرە سەرەتاییەکانی بە هاوکاری مەشقپێکەرانی سوپای قودس و حزبوڵای لوبنان پێکهێنا.

حزبوڵا پیوەرێکی نوێی بۆ پارێزراوی چالاکییەکانی دانا. بە جۆرێک پێش کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١١، ژمارەی ئەندامەکانی ٤٠٠ کەسی تێنەدەپەڕاند، زۆربەشیان لە چەکدارە کۆنەکانی ڕێکخراوی بەدر بوون، کە ماڵ و سامان و خێزانیان لە ئێران هەبوو. هاوکات توندڕەوەکانی ڕەوتی سەدر هاتنە ڕیزەکانییەوە. ئەو کات هیچ ئەندامێک بەبێ ڕاسپاردە و گەرەنتی ئەندامێکی دیکە نەیدەتوانی بێتە نێو ئەو گرووپەوە، ئەمەش جۆرێکە لە لێکۆڵینەوە و دڵنیابوونەوە لە ئەندامەکان لە ڕێگەی تۆڕە بنەماڵەیی و هۆزایەتییەکانەوە.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧–٢٠١١دا، واتا تا ئەوکاتەی ئەمەریکا لە عێراقدا مابوو، شانە هێرشبەرەکانی کەتائیبی حزبوڵا چەندین هێرشی پێشکەوتووتر و کاراتری بۆسەر هێزەکانی هاوپەیمانی ئەنجامدا: هێرشی هاوەن و موشەک بۆسەر بنکەکانی ئەمەریکا، دزەکردنە نێو سیستمی ئاماژەیی تایبەت بە فڕۆکەی (Predator)ی ئەمەریکی، تەنانەت بە بۆمبی چێندراو لە شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە لە میسان هێرشیان کردە سەر فڕۆکەیەکی بەریتانی لە جۆری (Hercules)، لە ئەنجامیشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٩دا، کەتائیبی حزبوڵا و موهەندیسی خستە لیستی تیرۆرەوە. ئەمەش ئەو باوەڕە باوەی پتەوتر کرد، کە ئەو دوانە هاوتەریبن. کەتائیبی حزبوڵا هەتا دەرچوونی دوایین سەربازی ئەمەریکی، لە جێبەجێکردنی دژایەتییە چالاکەکانی بەردەوام بوو. ئەو گرووپە لە حوزەیرانی ٢٠١١، لە هەوڵێکی ڕووندا بۆ گەرەنتیکردنی کشانەوەی ئەمەریکا، چەند هێرشێکی کردە سەر هێزە ئەمەریکییەکان، لە ئەنجامشیدا ١٥ سەربازی ئەمەریکی گیانیان لەدەستدا.

### سوریا و ڕێکخراوی داعش: پەرەسەندنی کەتائیبی حزبوڵا لە ماوەی نێوان ٢٠١٢-٢٠١٤

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، حزبوڵای بە بێ ئەرک هێشتەوە. ئەگەر سنوربڕانەش خۆی نەدایەتە پاڵ ئەوەی بە میحوەری موقاوەمە ناودەبرێت، (واتا ئێران، حزبوڵای لوبنانی، ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا و ئەو میلیشیا و چەکدارانەی پەیوەستن بەو لایەنانەی پێشووەوە و لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن)، ئەوا بوونی حزبولا توشی هەڕەشە دەبوو. حزبوڵا لەگەڵ مەشقکردن بە چەکدارە شیعە بەحرەینی و سعودییەکان و دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکان بۆیان، بەو مەبەستەی دژایەتی حکومەتی وڵاتەکانیان بیبکەن، لەپاڵ گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران دەستیوەردایە جەنگە ناوخۆییەکەی سوریاوە. لەم وڵاتەی دوایی، بوار لەبەردەم موهەندیس و کەتائیبی حزبوڵادا ڕەخسا تا قەرزی ئەستۆی گرووپە عێراقییەکان بدەنەوە بە ئێران و حزبوڵای لوبنانی، کە هەردووکیان بەهۆی نزیکبوونەوەی دەسەڵاتەکەی ئەسەد لە داڕمان،

دووچاری فشاری توند بوونەوە.

هەروەک ئەیمەن تەمیمی دەڵێت، ئەو چەکدارانەی لە عێراقەوە گواسترابوونەوە، لە سەرەتادا لەژێر ئاڵای کیانێکدا کاریان دەکرد، کە بە (هێزی حەیدەریی) ناودەبرا و پێکهاتبوو لە چەند گرووپێکی هێنراو لە چەکدارە عێراقییەکانی سەر بە (کەتائیبی حزبوڵا)، (کەتائیبی سەیدولشوهەدا) و (عەسائیبی ئەهلی حەق). پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆش لە نێوان هێزی حەیدەریی و پاسدارانی ئێرانیدا هەبوو. بە پێچەوانەی (لیوای ئەبولفەزل عەباس)ەوە، سنوری چالاکییەکانی هێزی حەیدەری لە ناو سوریادا فراوانتر بوو، بە جۆرێک سنوری دیمەشقی تێپەڕاندبوو (بۆ نمونە دەگەیشتە حەلەب).

> **حزبوڵا تۆڕێک لە هەژموونی شاراوە بەڕێوەدەبات، کە لەسەر کارکردنی نهێنی، هاوبەشی، گێچەڵ و تۆقاندن وەستاوە، ئەمەش لایەنێکی گرنگی شاراوەی حزبوڵایە**

ئەو یەکە عێراقیانەی لە سوریا لەنێو هێزی حەیدەریدا باشترین چالاکیان هەبوو، بریتیبوون لە کەتائیبی حزبوڵا، حزبوڵای نوجەبا، پرۆژە نوێیەکەی ئەبو مستەفا شەیبانی و کەتائیبی سەیدولشوهەدا. هاوکات ڕاپۆرتەکان ئەوەیان دەرخست، کە یەکەکانی (ڕێکخراوی بەدر) و (عەسائیبی ئەهلی حەق)، کە نێردرابوونە سوریا، لە ئەنجامدانی شاڵاوەکاندا ڕۆڵێکی کەمتریان هەبووە. کاری پراکتیکیش لە سوریادا، وایکرد کەتائیبی حزبوڵا و بزووتنەوەی نوجەبا و کەتائیبی سەیدولشوهەدا بێنە ڕیزی پێشەوەی گرووپەکان.

لەڕاستیدا بوونی هێزێکی گەورەتری شەڕکەر لە سوریادا پێویست بوو، ئەمەش بووە یەکێک لە پاڵنەرەکانی فراوانبوونی کەتائیبی حزبوڵا، بە جۆرێک لەو کاتەی لە ساڵی ٢٠١١دا ٤٠٠ ئەندامی هەبوو، لە ساڵی ٢٠١٣ ئەندامەکانی تەنها لە سوریادا گەیشتە ٢٥٠٠ ئەندام. سەرەڕای ئەوەش لەو وڵاتەدا ژمارەیەکی زۆر گەنجی سوری شیعە مەزهەبی لە ناوچە هەڕەشە لەسەرەکانی وەک (فوعە و کەفریا)ی سەر بە پارێزگای ئیدلەب پەلکێش کردە نێو ڕیزەکانی خۆیەوە.

بەپێی ئەو چاوپێکەوتنەی ئەیمەن تەمیمی لەگەڵ یەکێک لە چەکدارە سورییەکانی کەتائیبی حزبوڵادا ئەنجامی داوە، لقی گرووپەکە لە سوریا ناوی (کەتائیبی حزبوڵا- بەرەی سوریا) بووە. چەکدارەکانی گرووپەکەش لە ساڵانی دواتردا بە ئاسانی ماوەیەک دەچوونە پاڵ یەکەکانی (کەتائیبی حزبوڵا) لە سوریا، ماوەیەکی دیکەش دەخرانە نێو فیرقە (ڕوحوڵا)ی سەر بە سوپای پاسداران لە سوریا. شایەنی باسە ژمارەی کوژراوانی حزبوڵا لە سوریادا زۆر زیاتربوون لەو زیانانەی لە ڕابردوودا لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەر شانە نووسنووەکانی کەوتبوو.

### دەرکەوتنی موهەندیس لە میانەی جەنگی دژ بە ڕێکخراوی داعشدا

موهەندیس لە عێراق، خەون و خواستی ناوخۆیی بۆ قۆناغی داهاتووی کەتائیبی حزبوڵا هەبوو. کاتێکیش هەژموونی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٠ بەرەو کەمبوونەوە چوو، موهەندیس گەڕایەوە بۆ عێراق و خۆی لە ناوچەی سەوزی بەغدا قایمکرد و پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەدا دروستکرد. مالیکی لەگەڵ ئێکچوونی دۆخی ئەمنی لە ساڵەکانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بۆ پتەوکردنی هێزی خۆی پشتی بە گرووپەکانی (کەتائیبی حزبوڵا،

عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی ئیمام عەلی و کەتائیبی جوندلئیمام) بەست. موهەندیس دەستیکرد بەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری مالیکی بۆ پێکهێنانی هێزێکی نوێ بەناوی (سەرایا دیفاع شەعبی)، بەجۆرێک لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی بکرێت و لە ڕیزی هێزە چەکدارەکاندا لەژێر فەرماندەیی سەرۆک وەزیراندا کار بکەن. لەو ماوەیەشدا ژمارەی چەکدارەکانی کەتائیبی حزبوڵا لە عێراق گەیشتە نزیکەی ٧٥٠ کەس (دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١دا، ٤٠٠ ئەندامی هەبوو).

ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا

> **حزبوڵا زۆر کارایانە ناسنامەی سەرکردەکانی دەشارێتە، تەنها ڕێگە بە دەرکەوتنی ناسنامەی ئەو بەرپرسانەی دەدات، کە چی تر ڕۆڵیکی هەستیاریان نەماوە**

فەتوای جیهادی دژی ڕێکخراوی داعش ڕاگەیاند. موهەندیس بەپەلە ئەو هەلەی بۆ گەرەنتیکردنی پاڵپشتی حکومەت بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی قۆستەوە. ئەبو مەهدی موهەندیس لەبەر ئەوەی کارەکتەرێکی سیاسی کارابوو، لەلایەن قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس پاڵپشتییەکی زۆر دەکرا، دەستبەجێ هەژموونی بەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبیدا سەپاند، بەو پێیەی سەرۆکی جێبەجێکار (سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی)ی ئەو هێزە و جێگری سەرۆکەکەشی بوو، ئەمەش ئاڕادەیەک هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەبوو، کە موهەندیس لە (سوپای بەدر)دا دەیبینی، واتا ئەو کاتەی جێگری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو – بەڵام لە ڕاستیدا فەرماندەی کردە چەکدارییەکانی ڕێکخراوەکە بوو-. موهەندیس لە نێو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا دەستی بەسەر بەشی زۆری سنافی ئەو هێزە، فەرمانی کردە چەکدارییەکان، یەکە چەکدارەکان و توانا سەربازییەکان (موشەک، چەکی دژە تانک، گرووپە ئەندازیاری و هەواڵگرییەکان)دا گرتبوو. وەک لە بەشەکانی داهاتووشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، موهەندیس کەتائیبی حزبوڵای وەک تۆڕێکی هەژموونگرتن دامەزراند و لە ڕۆڵە زۆر هەستیارەکانی حەشدی شەعبیدا متمانەی بەو هێزە دەکرد.

لەگەڵ پێکهێنانی لیواکانی (٤٥، ٤٦ و ٤٧)ی حەشدی شەعبیدا (کە تێکڕای ئەندامەکانیان دەگەیشتە ٧٥٠٠ چەکدار) هێزی چەکداری حزبوڵا فراوانبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بەجۆرێک بە هێزی (کەتائیبی حزبوڵا- بەرەی سوریا)وە، کە ٢٥٠٠ ئەندامی هەبوو، تێکڕای ئەندامەکانی گەیشتە ١٠,٠٠٠ ئەندام. ئەم فراوانبوونە زۆر و لە ناکاوە، بۆ یەکەمجار حزبوڵای کردە هێزێکی ناسراوی خاوەن جەماوەرێکی ڕاستەقینە. بەڵام لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لە کاروانی یەکەمی چەکدارە نوێیەکان، لە سایەی ئەو بێسەروبەرییەی لە ئەنجامی فەتواکەی ساڵی ٢٠١٤ هاتبووە ئاراوە، هێشتا هیچ شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی سروشتی ئەو گرووپە نەدەزانی. هاوکات چەکدارەکان لە بنکەکانی، وەک تاجی و سامەڕا، بەشێوازێکی هەرەمەکی بەسەر یەکەکانی حەشدی شەعبیدا دابەش دەکران.

بەپێی ئەوەی لەم دوواییەدا توێژەر حەمدی مالیک ئاشکرای کرد، ئەو فراوان بوونە وایکرد پلەبەندی ئەندامەکان لەنێو حزبوڵادا بەشێوەیەکی باشتر ڕێکبخرێت. ئەوەبوو سەرکردە پلە باڵاکان نازناوی (خاڵ، یاخود خاڵە)یان وەرگرت. موهەندیس نازناوێکی جیاوازی هەبوو، ئەویش (پیر) بوو. بازنەی ئەسکی جێبەجێکاری متمانەداری کردە چەکدارییەکانیش

لە نێو حزبوڵادا، پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک ڕێبەر، کە نازناوی (مامۆستا)یان هەبوو. ئەو ئەندامانەشی نازناوی (لاشەکان)یان دراوەتێ، لەژێر چاودێری ڕێبەرەکاندان، هەندێک زانیاریشیان لەسەر شێوازی کارکردنی حزبولا هەیە. بەڵام زۆرینەی ئەندامەکانی ئەمڕۆی کەتائیبی حزبوڵا، کە پێیان دەوترێت (ژمارەکان)، هیچ زانیارییەکیان پێنادرێت، تەنانەت ناوی ڕاستەقینەی سەرکردە ڕاستەوخۆکانی خۆشیان نازانن. ئەمانە کۆمەڵێک ئەندامی نوێی ئەو گرووپەن، کە چوارچێوە گەورەکەی ئەو هێزە پێکدەهێنن، تاڕادەیەک جیاوازیشن لەچاو ئەو بازنە بچوکەی پێش ساڵی ٢٠١٤، لە نێو ئەو گرووپەدا بوون.

## پەیوەندییە گۆڕاوەکانی موهەندیس بە کەتائیبی حزبوڵاوە

جەنگی دژ بە ڕێکخراوی داعش بۆ موهەندیس گۆڕانکاری گرنگی تێدا بوو، کە مەودایەکی لە نێوان ئەو سەرکردەیە و کەتائیبی حزبوڵادا دروستکرد. ڕێکخستنی کار و بەڕێوەبردنی ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیاکان لە ڕێگەی هێزی حەشدی شەعبییەوە، کات و گرنگیپێدانەکانی موهەندیسی بەشێوەیەکی بەردوام داگیرکرد. ئەو سەرکردەیە بۆ یەکەمجار، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی سوپادا دروستکرد، وەک فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر یارەڵا. هاوکات موهەندیس کاتی زۆری بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکمانە شیعەکان و فەیلییەکانی باکووری عێراق تەرخان کرد، هەروەها لەگەڵ ئێزیدی و شەبەک و کاکەییەکاندا، کە یەکێک بوون لەو پێکهاتانەی زۆرترین هەڕەشەی ڕێکخراوی داعشیان لەسەر بوو. لەهەمان کاتدا هەوڵی زۆریدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەگەڵ هۆزە سوننەکانی باکوور و خۆئاوای عێراقدا، بەتایبەت کەسە خاوەن هەژموونەکانی، وەک پارێزگاری پێشووی سەڵاحەدین ئەحمەد جبوری (کە بە ئەبو مازن ناسراوە)، مشعان جبوری، خەمیس خەنجەر و بنەماڵەی کەربولی لە ئەنبار.

شایەنی باسە موهەندیس ئەو پەیوەندیانەی بۆ سوپای قودس بونیادنا، نەک بۆ کەتائیبی حزبوڵا. پەیوەندییەکانیش لەگەڵ سوننە و کەمینەکانی باکووری عێراقدا بەشێوەیەکی هاوبەش لەلایەن موهەندیس و کۆمەڵێک لە ئەفسەرەکانی سوپای قودس بەڕێوەدەبرا، کە دیارترینیان باڵیۆزی ئێران لە بەغدا ئێرەج مەسجیدی و عەقید عەلی ئیقباڵپور، چاودێری باکووری عێراق لە سوپای قودس بوون. بە هەمان شێوە منمانەپێکراوەکانی موهەندیس، واتا هەردوو سەرکردەی تورکمان، ئەبو ڕەزا یەڵماز نەجار و محەممەد مەهدی بەیاتی، ئەوەندەی لە موهەندیسەوە نزیکبوون، ئەوەندە لە سەرکردەکانی خۆیانەوە لە ڕێکخراوی بەدر نزیک نەبوون، بێگومان ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی (کەتائیبی حزبوڵا) نەبوو. ئەم نموونانەش بۆمان ڕووندەکەنەوە، کە چۆن موهەندیس لەو کاتەوەی جەنگ دژی داعش هێوربووەوە، هاوپەیمانییە بنەڕەتییەکەی خۆی لەگەڵ کەتائیبی حزبوڵادا تێپەڕاند. لەو چوارچێوەیەشدا بەرپرسێکی عێراقی کە شارەزاییەکی ڕاستەوخۆی لە کەتائیبی حزبوڵادا هەیە، بە نووسەری ڕاگەیاند «موهەندیس لەنێو پەیکەربەندی سەرکردەکانی کەتائیبی حزبوڵادا نەبوو. بەڵام سەرپەرشتیی ئەو هێزەی دەکرد و هەتا کوژرانیشی لەو کارەدا بەردەوام بوو. هەرچەندە سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی کەتائیبی حزبولا بوو لە عێراق، بەڵام ئەو سەرکردەی ڕاستەقینەی گشت میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران بوو. بڕیارەکانیشی نەک بە تەنها بەسەر حزبولای عێراقیدا، بەڵکو بەسەر هەموو میلیشیاکاندا دەسەپێنرا».

ئەبومەهدی موهەندیس دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ بەخێرایی لە کاروباری سەربازی دووركەوتەوە، لە دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠١٨ سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی بوو. بەجۆرێک بەوردی پشکنینی بۆ پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران دەکرد، ئەم کارەشی وەک پرۆسەی دروستکردنی حکومەتێکی نوێ وابوو. موهەندیس یەکێک بوو لەو دوو کەسایەتییە دیارەی بە شێوەیەکی ڕۆژانە کاریگەریان بەسەر سەرۆک

وەزیرانە لاوازەکەی عێراقەوە هەبوو، واتا عادل عەبدولمەهدی، کەسایەتییەکەی دیکەشیان ئەبو جیهاد (محەممەد هاشمی) بوو، کە بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک وەزیران بوو. عەبدولمەهدی زۆر بە موهەندیس کاریگەر بوو، هاوکات خۆشیدەویست و پێیوابوو ویلایەتە یەکگرتووەکان ستەمیان لێکردووە کاتێک سزایان داوە بەهۆی چالاکییەکانییەوە لە کوەیت لە سەردەمی سەدامدا.

موهەندیس بە کۆتاییهاتنی جەنگی دژ بە داعش، دەستیکرد بە پەرەپێدانی ئامرازەکان بۆ بەزۆر سەپاندنی پرۆسەی ئاوێتەکردنی میلیشیا پەرتبووەکان. موهەندیس دەربارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی پێیوابوو پێویستە بکرێنە چەند یەکەیەکی بچوکتر و بەهێزتر، هەندێک گرووپیش جیابکرێنەوە، تا خەریکی چالاکییە نێودەوڵەتییەکان بن، بەو مەبەستەی پاڵپشتی میحوەری مقاوەمە بکەن.

هاوکات سوپای قودس و ئەبو مەهدی موهەندیس، بەردەوام متمانەیان بە کەسە بەکرێگیراوەکانی کەتائیبی حزبولا دەکرد و ئەرکە سەرەکییەکانیان پێدەسپاردن. بۆ نمونە ئەرکی هاوکاریکردنی هەواڵگری بۆ هەڵمەتی سەرکوتکردنی نارەزاییەکانی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، هەروەها هێرشی فرۆکە بێفرۆکەوانەکان بۆسەر سعودیە لە ئایاری ٢٠١٩ کە حزبولا لە ناوخۆی عێراقەوە ئاسانکاری بۆ دەکرد. بەهەمان شێوە حزبولا ئەرکی پاراستنی فرۆکەخانەی (زەباع)ی – لە خۆرئاوای شارەدێی رەشاد، بەدوری ٣٥ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای شاری کەرکوک- گرتەئەستۆ، کە پاسداران بەکاریهێنا بۆ ناردن و گەراندنەوەی فرۆکەی بێفرۆکەوانی چاودێری، تا ئامانجەکانی ئەو بۆردومانە موشەکییە دیاریبکات، کە ئێران لە ٨ی ئەیلولی ٢٠١٨ بۆسەر بنکەی (پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لە کۆیە ئەنجامیدا و ١٤ کەسی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کردە قوربانی و ٤٢ کەسی دیکەش بریندار بوون. کاتێکیش تانکێکی ئەمەریکی لە جۆری (Abrams ١-M) هەڵوەشێنرا و چەند پارچەیەکی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٧ نێردرا بۆ ئێران، کەتائیبی حزبولا پارێزگاری لەو شارەزا ئێرانیانە کرد، کە ئەو کردەیەیان لە (سەربازگەی سەعد) لە بەعقوبەی سەر بە پارێزگای دیالە جێبەجێکرد.

## کەتائیبی حزبولا دوای ساڵی ٢٠١٧، جارێکی دیکە بەرگری دەکاتەوە

لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمەریکاوە لە عێراق لەساڵی ٢٠١٤، کەتائیبی حزبولا سوربوو لەسەر ئەوەی ئامادەبوونی هەبێت تا شوێن ئەو هێزانە بکەوێت و لە هەموو جێگایەک (جگە لە هەرێمی کوردستان) چاودێریان بکات. ئەم چاودێریکردنەش وایکرد لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧ هەوڵێکی کارا بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بدرێت، واتا لەو کاتەوەی رێکخراوی داعش لە عێراق شکستی هێنا و بوونی ئەمەریکا بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆپەراسیۆنە چەکدارییە سەرەکییەکان پێویست نەما. ئیسرائیلیش لەلای خۆیەوە لە ساڵانی ٢٠١٨، ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ لە سوریا چەند گورزێکی لە حزبولا وەشاند. هاوکات ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠١٩ یەکەکانی گواستنەوەی موشەکی حزبولای لە عێراقدا کردە ئامانج. بەم شێوەیەش لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٩ەوە هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل چاویان خستەسەر کەتائیبی حزبولا، چونکە بە دووژمنی سەرەکی خۆیان لە عێراق تەماشایان دەکرد. لەهەمان کاتیشدا حزبولا پێیوابوو، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا هێزی بزوێنەری نارەزاییەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بوو، پێشیوابوو هەر ئەو وڵاتە لەپشت ئەو راگەیاندنەوەیە، کە بە (سوپای ئەلیکترۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکان) ناوی دەبرد.

بەپێی ئاماژەکانیش حزبولا خۆی ئامادە کردبوو کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ەوە لە ناو عێراقدا بە توندی بەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بوەستێتەوە. لە نمونەی ئەو ئاماژانەش، حزبولا نزیکەی چوار بارهەڵگر، کە موشەکی نائاڕاستە (عەیاری ١٠٧،١٢٢و ٢٤٠ملم)ی لەسەر بوو، سیستمی گەڕۆکی بەرگری ئاسمانی و ٧٠ چەکی لە ئێرانەوە بە سنوری ئێران-

عێراقدا بەدەست گەیشت. هاوکات ئەو هێرشە موشەکییەی لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ کرایە سەر هێزەکانی ئەمەریکا، هەروەها کوژرانی هاووڵاتییە ئەمەریکییەکەش لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە درایە پاڵ حزبوڵا. بۆیە ئەمەریکا لە ٢٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ هێرشی کردە سەر کەتائیبی حزبوڵا لە سوریا و عێراق، لە ئەنجامیشدا ٢٥ ئەندامی ئەو هێزە کوژران و ٥٠ کەسی دیکە بریندار بوون، لەنێویشیاندا ٤ سەرکردەی ئاست ناوەند هەبوون. ئەمەریکا پێیوابوو، هێرشی سەر باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەغدا لە ٣١/ کانونی یەکەم/٢٠١٩ تۆڵەسەندنەوەی موهەندیس و کەتائیبی حزبوڵا بوو لە بەرامبەر ئەو هێرشەی پێشوودا، ئەوەش یەکێک بوو لەو پاڵنەرانەی وایکرد ئەمەریکا بڕیاری کوشتنی ئەبو مەهدی موهەندیس و قاسم سلێمانی بدات.

## بەشی دووەم: کەتائیبی حزبوڵا لەدوای کوژرانی ئەبو مەهدی موهەندیس

هەتا ئەم دواییە بە ئەستەم دەتوانرا هێزی موهەندیس و هێزی حزبوڵا لەیەک جودا بکرێنەوە. بۆیە کوژرانی موهەندیس و سەرۆکەکەی، واتا قاسم سلێمانی، لە ٣/کانونی دووەم/٢٠٢٠ بۆ یەکەمجار بۆی ئاشکرا کردین، حزبوڵا چۆن بەبێ سوودوەرگرتن لە کارامەییە سیاسییە گەورەکانی موهەندیس کار دەکات. هاوکات حزبوڵا بە ئاشکرا لە نێو ئەو سەرکردەی گرووپانەدا خۆی دەرنەخست، کە دەستبەجێ چوونە ئێران، تا چاویان بە عەمید ئیسماعیل قاائانی فەرماندەی نوێی سوپای قودس بکەوێت و خۆیان لەپاڵیدا حەشار بدەن. لە نێو گشت گرووپەکانیشدا، حزبوڵا لێدوان و پەیامی ئاشکرای زۆر زبری هەبوو، بەجۆرێک وەک زۆربەی میلیشیاکانی دیکە خۆی حەشارنەدا. ئەو گرووپە لەدوای هێرشەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ٢٩/کانونی یەکەم/٢٠١٩ و بەتایبەت دوای کوژرانی موهەندیس، مکوڕانە بۆ دوو ئامانج هەوڵیدا، ئەوانیش دەرکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان

لە عێراق و ڕێگری لە گەیشتنی سیاسەتمەدارێکی بەهێزی سەر بە وڵاتانی خۆرئاوا بە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

### دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا

حزبوڵا پێش ساڵی ٢٠١١ و دوای ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام بە ئاشکراییەکی زیاترەوە داوای دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراق دەکرد. تەنانەت پێش کوژرانی موهەندیس ئەو گرووپە هەڵمەتێکی فراوانی پەیام و هەڕەشەکردنی ئاشکرای ئاراستەی نوێنەرەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرد، بەو مەبەستەی فشاریان لێبکات تا دەنگ بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا

> **موهەندیس بە دامەزرێنەری زۆربەی گرووپە چەکدارییە شیعەکانی دژ بە هاوپەیمانیی دادەنرێت**

لە عێراق بدەن. زۆر کاری تۆقاندنیش ئەنجامدرا پێش پرۆسەی دەنگدانەکەی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٥/کانونی دووەم/ ٢٠٢٠ بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا، کە بەهۆی ئەواونەبوونی نیسابی یاساییەوە، هیچ کاریگەرییەکی یاسایی دروستنەکرد. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئەم هەوڵانەی دایە پاڵ یەکێک لە سەرکردەکانی حزبوڵا، ئەویش عەدنان محەمەداوی

بوو (کە لە زانیارییەکانی ئەمەریکادا، بە شێخ عەدنان حەمیداوی ئاماژەی بۆ دەکرێت). هەروەها ئەو گرووپە گردبوونەوەکانی دژی بوونی ئەمەریکا لە عێراق ڕێکدەخست، چەندین جاریش سەرکۆنەی گرووپەکانی دیکەی دەکرد، بەهۆی ئەوەی هەڵوێستی ترسنۆکانەیان بەرامبەر دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا هەبوو. لەو چوارچێوەیەشدا، حزبوڵا لە سەرەتای ئازار/٢٠٢٠ هۆشداری دایە عێراقییەکان، کە لە دوای ١٥ئازاری ئەو ساڵەوە، ماوەی زیاتر لە ١٥٠٠م دوور بن لە بارەگاکانی هاوپەیمانانەوە، ئەگەرنا دووچاری مەترسی هێرشەکانی حزبوڵا دەبنەوە.

> **حزبوڵا ئیمپراتۆرییەکی ڕاگەیاندنی ڕاستەقینەشی هەیە، کە بەڕاوێژ و پاڵپشتیی هونەریی حزبوڵای لوبنانی دامەزراوە**

لە ڕاستیدا حزبوڵا دەربارەی ئەو هێرشانەی ئەنجامیان دەدات، بێدەنگییەکی زیاتری گرتووەتەبەر. چونکە بەپرسیارێتی خۆی لە هیچ هێرشێک بۆسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرنەخستووە، سوریش بووە لەسەر ڕەتکردنەوەی لانی کەم یەکێک لە هێرشەکان، ئەویش هێرشە موشەکییەکەی سەر (سەربازگەی تاجی) بوو، کە لە ١١ئازار/ ٢٠٢٠ ئەنجامدرا و بووە هۆی کوژرانی دوو سەربازی ئەمەریکی و یەکێکی بەریتانی. بێگومان هەندێک لەو ٥٧ هێرشە موشەکییەشی لە ماوەی نۆ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ کراوەتە سەر هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان، لەلایەن کەتائیبی حزبوڵاوە جێبەجێکراون، هەرچەندە لایەنی جێبەجێکاریان تا ئێستا ناڕوونە. حکومەتی عێراقیش لە ٢٥/ حوزەیران/ ٢٠٢٠ لە پێگەیەکی ناوچەی (ئەلبوعیسە)ی باشووری بەغدا ١٤ ئەندامی حزبوڵای دەستگیرکرد، کە یەکێکیان لەڕێگای بەڵگە بایۆمەترییەکانەوە، بە بەشداری لە هێرشێکی موشەکی دیارینەکراو تۆمەتبار کرا. هاوکات ڕادەی تێوەگلانی حزبوڵا لە شەست و شەش تەقینەوەی بۆمبی چێندراو لە قەراغ شەقامەکاندا لە ماوەی نۆ مانگی سەرەتای ٢٠٢٠ تا ئێستا نەزانراوە، وەک ئەو بۆمبەی کاروانێکی ئەمەریکییەکانی کردە ئامانج، یاخود ئەوەی کاروانی هاوپەیمانانی پێکا، یا سێ هێرشەکەی سەر ئۆتۆمبێلە دیپلۆماسییەکان لە هەمان ماوەدا.

پێدەچێت کەتائیبی حزبوڵا بەناوی نوێوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان بگرێتە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستەش گرووپی وەهمی دروستدەکات و بەناوی ئەو گرووپانەوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان هەڵدەگرێت. بەم شێوەیەش ڕۆڵی کەتائیبی حزبوڵا لەو دەستدرێژیانەدا دەشاردرێتەوە و دەشتوانێت وەک بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی بمێنێتەوە و خۆی لە ڕەخنە سیاسییەکان بەدوور بگرێت، لە ئەنجامیشدا دەتوانێت سەقامگیری عێراق زیاتر بشێوێنێت. شایەنی باسە کارکردن لە پشتی ناوە نوێیەکانەوە شێوازێکە بۆ نانەوەی پشێوی، لە وڵاتێکی وەک بەحرەینیشدا سەرکەوتنێکی باشی بەدیهێنا. دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە لە عێراق لە ئایار/٢٠١٩ دەستیپێکرد، ئەمەش ئەو کاتەی دامەزراندنی (جەبهەی سوار ئەحرار)ی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکەوە ڕاگەیەندرا، ئەم گرووپەش وا خۆی دەرخست، کە لەو ئەندامانە پێکهاتووە، کە لە (عەسائیبی ئەهلی حەق، سەرایا عاشورا، سەرایا خۆراسانی، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، لیوای ئەفوف، کەتائیبی جوندولئیمام، ڕێکخراوی بەدر، کەتائیبی حزبوڵا، کەتائیبی ئیمام عەلی و سەرایا سەلام)

جیابوونەوە. دوای ئەوەش گرووپێک بە ناوی (عوسبەت سائیرین)ەوە لە ١٥/ ئازار/ ٢٠٢٠ دامەزرا. دوای سەد ڕۆژیش لە کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، واتا لە ٢٦/ نیسان/٢٠٢٠دا، دامەزراندنی (سوپای بەرگری ئیسلامی) ڕاگەیەنرا، ئەمەشیان وا خۆی ناساندووە کە تێکەڵەیەکە لە ئەندامی میلیشیاکانی (بەدر، حزبولا، عەسائیبی ئەهلی حەق، نوجەبا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا و کەتائیبی ئیمام عەلی). لەو کاتەشەوە ژمارەی ئەو جۆرە گرووپانە بەشێوەیەکی زۆر زیادیان کردووە، لەوانە (سەرایا موننەقیم، ئەسحاب ئەلکەهف، سەئر ئەلموهەندیس، سەرایا سەورەت عشرین ئەلسانییە، سەرایا ئەولیا دەم، ڕەبعوڵلا، قاسم جەبارین).

## ترساندنی حکومەتی عێراقی

حزبولا زۆر بە ئاشکراتر هەڕەشەی لە کەسایەتی و چالاکییەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد. بۆ نموونە ئەبو عەلی عەسکەری یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو گرووپە لە ٢/ئازار/٢٠٢٠، هۆشداری دایە سیاسەتمەدارەکانی عێراق دەربارەی هەڵبژاردنی مستەفا کازمی بە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، لەو چوارچێوەیەشدا وتی «کازمی یەکێکە لەوانەی تاوانبارە بەوەی لە جێبەجێکردنی کوشتنی هەردوو سەرکردە قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیسدا یارمەتی ئەمەریکای دووژمنمانی داوە. هەڵبژادنیشی بۆ ئەو پۆستە بە ڕاگەیاندنی جەنگ دژی گەلی عێراق دەبینین، ئەمەش ئاسایشی عێراق زیاتر لەناو دەبات».

حزبولا دووژمنایەتییەکی جیاوازی دژی کازمی خستەڕوو، بەو پێیەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی بووە و لایەنگری وڵاتانی خۆرئاواشە. لەو چوارچێوەیەشدا، نزیکەی ١٠٠ چەکداری ئەو گرووپە (کە هەندێکیان چەکی -RPG- یان پێبوو) لە نیسان/٢٠٢٠ هێرشیان کردە سەر بارەگای سەرۆک وەزیران و ماوەی دەمژمێرێک مستەفا کازمیان لەو شوێنەدا قەتیس کرد، چەند کەسێکیشیان لە پاسەوانەکانی دەستبەسەر کرد. هەروەها حزبولا کەناڵە ئەلیکترۆنییەکانی خۆی بۆ دزەپێکردنی ناوی گەورە فەرمانبەرانی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی بەکارهێنا. بەڵام ئەو گرووپە نەیتوانی وابکات گرووپەکانی دیکە ڕێگری لە گەیشتنی کازمی بەو پۆستە بکەن و لە ڕووی ئەو پاڵپشتییە گەورەیەی سیستانی، موقتەدا سەدر و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بوەستێنەوە، کە بۆ کازمیان دەربڕی و دواجار لە ٦/ ئایار/ ٢٠٢٠ بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق. بەم شێوەیەش حزبولا تووشی شکستێکی گەورە هات و ناچاربوو ڕازی بێت لەسەر دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دانانی سەرۆک وەزیرانێک، کە ئەو پێیوایە لە کوشتنی سلێمانی و موهەندیسدا بەشدار بووە.

لە ڕاستیدا، دەستبەکاربوونی کازمی لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا، ئەو کەسایەتییەی لە تۆقاندنەکانی حزبولا بەدوور نەگرت. ئەوەتا کاتێک حکومەت لە ٢٥/حوزەیران/٢٠٢٠ چەند ئەندامێکی ئەو گرووپەی دەستگیرکرد، ئەبو فەدەک (عەبدولعەزیز محەممەداوی)، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی حزبولا، فەرماندەیی هێزێکی ١٥٠ کەسی کرد، کە بە نزیکەی ٣٠ بارهەڵگری بچوک گواسترانەوە، یەکێک لەو بارهەڵگرانەش (تۆپی دوو لولەی دژە فڕۆکەی لە عەیاری ٢٣ ملم)ی هەڵگرتبوو، چەند زرێپۆشێکیش کە چەکی دۆشکەیان لەسەر بوو، ئەو هێزە بەرەو بارەگای سەرۆک وەزیران بران و داوایان دەکرد ئەو گومان لێکراوانە ئازاد بکرێن و ڕادەستی خۆیان بکرێن.

## گەمەی هێز لە ناوخۆ و لە نێو گرووپەکاندا

موهەندیس پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پاسداراندا هەبوو (لە ڕێگەی قاسم سلێمانییەوە)، لە ڕووی سیاسیشەوە زۆر زیرەک بوو، توانای پێکهێنانی هاوپەیمانییەکانیشی هەبوو. بۆیە هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی کەتائیبی حزبولا نەیتوانی بگاتە پێگەی موهەندیس. گرووپەکانی دیکەش ئەم هەلەیان

قۆسنەوە، ئەمەش وایکرد خۆیان بدەنە پاڵ ئێران، تا لە داهاتوودا خۆیان لە گورزە چاوەڕوانکراوەکانی ئەمەریکا بپارێزن، هەروەها خۆیان لە شوێنگرەوەکەی سلێمانی لە سوپای قودسدا، واتا عەمید ئیسماعیل قائانی نزیک بکەنەوە. هاوشێوەی فەتوای جیهاد لە حوزەیران/ ٢٠١٤، کوژرانی ئەو دوو سەرکردەیەش هەلی دایە سەرکردە و گرووپەکان، تا پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانیان لەگەڵ سوپای قودسی سەر بە پاسداراندا بەهێز بکەن. بڕاوەی گەورەش لەم چوارچێوەیەدا، ئەبو ئالا وەلائی لە کەتائیبی سەیدولشوهەدا و ئەکرەم کەعبی لە بزووتنەوەی نوجەبا بوون. ئەو دوو هێزە، دوو گرووپە سەرەکییەکەی دەرەوەی کەتائیبی حزبوڵان، کە لە سوریا خزمەتی چەکداری فراوانیان پێشکەش کردووە، ئەو دوو کەسایەتییەش تاکە سەرکردە بوون، کە وێنەیان لەگەڵ قائانیدا بڵاوبووەوە.

لەڕاستیدا پێش کوژرانی مەهەندیس هۆکارەکانی بێزاری لە کەتائیبی حزبوڵا لە ئارادا بوون، بەتایبەت بێزاری لە هەژموونەکەی بەسەر پۆستە سەرەکییەکانی حەشدی شەعبی، ئەو دەرمالانەی زیاد لە گرووپەکانی دیکە دەستی دەکەوت، کردەی ڕفاندنە ئاشکراکان، دەستگیرکردنی نایاسایی ژمارەیەکی زۆر لە کەسە سڤیلە سوننەکان و خواستی ئەو گرووپە بۆ ئەو هەڵسوکەوتانەی بووەنە هۆی دروستکردنی وێنەیەکی نەرێنی بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی، وەک دژایەتیکردنی پۆلیسی عێراقی لەناو جەرگەی شاری بەغدا، یاخود ڕفاندنی ڕاوچییە قەتەرییەکان و داواکردنی سەرانە لە بەرامبەر ئازاد کردنیاندا. لەدوای کوژرانی سلێمانی ژمارە و شێوازی ئەو هەڵسوکەوتانە زیادیان کردووە، بۆ نموونە هێرشە موشەکییە شکستخواردووەکانیان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران، تۆقاندنی سەرۆک وەزیرانی ئێستا و لەژێرپێنانی ئاشکرای وێنەکانی لەلایەن سەربازەکانی حزبوڵاوە. لە شوبات/٢٠٢٠ دوای پێکهێنانی لیژنەیەک لە گرووپەکانی سەر بە ئێران بۆ هەڵبژاردنی جێگرێکی نوێی سەرۆک و فەرمانەدەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی، واتا پۆستەکەی ئەبومەهدی موهەندیس، هەر زوو پرۆسەی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە شکستی هێنا. شایەنی باسە ئەبومەهدی موهەندیس کارامەیی دیپلۆماسی هەبوو، بە قبوڵکردنی گشت گرووپەکانیش پۆستی جێگری سەرۆک و فەرمانەدەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی وەرگرتبوو. بەڵام هەڵبژاردنی ئەبو فەدەک بۆ ئەو پۆستە، لەلایەن یەکەی چوار مەزارە پیرۆزەکەوە (عەتەبات) ڕەتکرایەوە، کە بەشێکە لە حەشدی شەعبی و لە لیژنەکەدا نەبوو. هاوکات سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە ئەو کەسایەتییە بۆ شوێنگرەوەی موهەندیس لە حەشدی شەعبیدا دیاریکراوە، بەڵام لەلایەن ئەبو حسێنی سەرکردەی نوێی کەتائیبی حزبوڵاوە دژایەتی کرا. ئەبومستەفا شەیبانی کە لە دوای کوژرانی موهەندیسەوە پێگەیەکی گەورەتری لە سەرکردایەتی گرووپەکاندا هەیە، بۆ ماوەیەکی کەم دژایەتییەکی سەرنەکەوتووی ئەو بڕیارەی کرد. بەم پێیەش لەناوخۆی کەتائیبی حزبوڵادا دووبەرەکی دەربارەی پلەبەرزکردنەوەی ئەبوفەدەک سەریهەڵدا.

## بەشی سێیەم: ململانێ لەسەر دەسەڵات دوای موهەندیس لە ناو کەتائیبی حزبوڵادا

دوای ئەوەی لە باسەکانی پێشوودا مێژووی سیاسی و ڕێکخستنی کەتائیبی حزبوڵا و پەیوەندییە گۆڕاوەکانی موهەندیس لەگەڵ ئەو گرووپەدا خرانەڕوو، لەم بەشەدا ڕەگ و ڕیشەی دامەزراوەیی کەتائیبی حزبوڵا باسدەکەین.

### ئەنجومەنی شورای کەتائیبی حزبوڵا

کەتائیبی حزبوڵا لە کاتی دامەزراندنییەوە، سیستمی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی گرتووەتەبەر، کە ناوی (ئەنجومەنی شورا)ی لێنراوە. ئەم ئەنجومەنەش شوێندەستی عیماد موغنییە و ڕاوێژکارانی دیکەی حزبوڵای لوبنانییە بەسەر ئەم گرووپەوە. چونکە لێکچوون لەنێوان ئەم ئەنجومەنە و ئەنجومەنی شورای حزبوڵای لوبناندا هەیە. هاوشێوەی (ئەنجومەنی

جیهاد) لەنێو جیزبوڵڵای لوبنانیدا، ئەنجومەنی شورای کەتائیبی حزبوڵای عێراقیش دوو باڵی سەربازی هەیە. یەکەمیان، باڵی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانە (هاوشێوەی ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی، یاخود ڕێکخراوی ئاسایشی دەرەکی). دووەمیشیان، نووسینگەی سەربازییە، کە هاوشێوەی باڵە سەربازییە باوەکەی حزبوڵای لوبنانییە. ئەنجومەنی شورای کەتائیبی حزبولا، وەک ئەنجومەنی جیهادی حزبوڵای لوبنان سەرپەرشتیارێکی دەرەکی هەیە - زۆرجار موهەندیس ئەو ڕۆڵەی دەبینی. بۆماوەیەکی زۆریش ئەو سەرپەرشتیارە کەسایەتییەکی ئایینی عێراقی-لوبنانی بوو، بە ناوی ئایەتوڵڵا محەمەد سند، کە لە بەیروت دادەنیشێت-. شایەنی باسە (کەتائیبی حزبولا- بەرەی سوریا)، لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سوپای قودس و حزبوڵای لوبنانیدایە، نەک ئەنجومەنی شورای کەتائیبی حزبولا.

ئەنجومەنی شورا لە پێنج ئەندام پێکدێت، کە هەموویان لەلایەن فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە پاسدارانەوە دەستنیشان دەکرێن. بە پێچەوانەی حزبوڵای لوبنانەوە، ئەندامەکانی ئەنجومەنی شورای کەتائیبی حزبولا پیاوانی ئایینی نین. بەڵکو، شەڕکەری بەئەزموونن. بەهۆی لایەنی ئەمنیشەوە، بەدەگمەن گشت ئەندامەکانی ئەنجومەنەکە پێکەوە کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن، کۆبوونەوەکانیشیان تەنها لە ئێران ئەنجام دەدرێت. هەروەک چاودێرەکانیش ئاماژەیان پێداوە، لە سەردەمی سلێمانی و موهەندیسدا، ئەنجومەنی شورا ڕێنمایی توندی لەلایەن سەرکردایەتی باڵاوە پێدەدرا، بەجۆرێک موهەندیس بە پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی قاسم سلێمانی، سەرپەرشتی ئەندامانی ئەنجومەنەکە و بڕیارەکانیانی دەکرد. ڕاستە ئەمڕۆ سەرپەرشتیارە گشتییەکان نەناسراون، بەڵام ڕەنگە لەنێویاندا کەسایەتییەکی ئایینی هەبێت، کە ناوی نایەت و لە لوبنان نیشتەجێیە، هەروەها قائانی فەرماندەی سوپا قودسیشی تێدابێت، کە لە قاسم سلێمانی کەمتر سەرنجڕاکێش و کەمتر ناسراوە و زمانی عەرەبیش نازانێت.

بەپێی توێژینەوەی وردی نووسەر، ئێستا ئەنجومەنی شورای حزبولا لەم ئەندامانە پێکهاتووە:

ئەحمەد موحسین فەرەج حەمیداوی کە بە (ئەبوحسێن، ئەبوزەڵەتە و ئەبوزەید)یش ناسراوە، ئەم کەسایەتییە ئەمینداری گشتی کەتائیبی حزبولا و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەو گرووپەیە، کە ئەمەی دواییان یەکێکە لە دوو هێزەکەی کەتائیب. ئەبو حسێن لە کاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا تەمنی ٤٦ ساڵ بوو، واتا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتووەتە تەمەنی خزمەتی سەربازی. بەشی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، کە ئەم کەسایەتییە سەرۆکایەتی دەکات، ئەرکی ئۆپەراسیۆنەکان دژی ئامانجە ئەمەریکییەکان و پێشکەشکردنی پاڵپشتی

**نەمانی ئەبومەهدی موهەندیسی سەرپەرشتیاری کەتائیبی حزبولا، کە کەسایەتییەکی سەربازی و سیاسی بوو، لە زیادبوونی شکستەکانی ئێستای حزبولادا ڕەنگی داوەتەوە**

بۆ چەکدارە شیعە بیانییەکان دەگرێتە ئەستۆ. بەپێی ئەو زانیاریانەی نووسەر وەریگرتوون، ئەبو حسێن کەسێکی هەڵەشەیە و پێشبینی هەڵسوکەوتەکانی ناکرێت، هەوڵیشدەدات تۆڵەی کوشتنی موهەندیس بکاتەوە. هاوکات ئەم کەسایەتییە لایەنی سەرەکی پەیوەندیکردنە لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر و دیپلۆماتکارە ڕووسەکاندا.

عەبدولعەزیز محەممەداوی (ئەبوفەدەک، یاخود ئەبوحەمید)، فەرماندەی نووسینگەی سەربازی کەتائیبی حزبوڵایە، کە یەکێکە لە دوو هێزە سەربازییەکەی ئەو گرووپە، هەروەها سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبییە. لەڕاستیدا ژیانی پیشەیی ئەبوفەدەک ئاڕادەیەکی زۆر ئاشکرایە. ئەو کەمێک لە ئەبوحسێن بەتەمەنترە و لە کۆتایی هەشتاکاندا چووەتە نێو ڕێکخراوی بەدرەوە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٤-٢٠٠٧ لەلایەن هادی عامرییەوە لە ڕێکخراوی بەدر وەرگیراوە تا لە نێو گرووپە تایبەتەکاندا کاربکات، لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کەتائیبی حزبوڵایە. شایەنی

> **لەو ماوەیەی موهەندیس سەرپەرشتیاری گرووپەکان بوو، سوپای قودس لە عێراقەوە هێزی خۆی بۆ دووژمنەکانی نمایش دەکرد**

باسە ئەبوفەدەک لە نووسینگەی موهەندیس لە تاران کاری کردووە و پەیوەندییەکی کەسیی لەگەڵ هەریەک لە قاسم سلێمانی و عیماد موغنییەدا هەبووە. ئەبوفەدەک ئەوەندەی نەمابوو ببێتە فەرماندەی کەتائیبی حزبولا، بەڵام بەپێی وتەی زۆرێک لەو لایەنانەی نووسەر بۆ ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی پێوەکردوون، بەهۆی بەشداری لە ڕفاندنی ڕاوچییە قەتەرییەکان لە ساڵی ٢٠١٥ ئەو چانسەی لەدەستدا. هەروەها ئەوانەشی نووسەر پەیوەندی پێوە کردوون ئاشکرایان کردووە، کە پەیوەندی ئەبوفەدەک و ئەبوحسێن خراپ بووە. بەرزکردنەوەی ئەبوفەدەک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەرکانی حەشدی شەعبی، جارێکی دیکە ئەو سەرکردەیە دێنێتەوە بەرچاو. ئەمەش واتا ئاشکرابوونی یەکێک لەو ئەندامە نهێنیانەی بەشداری لە ئەرکی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندا دەکات.

شێخ جاسم سوودانی بە (ئەبوئەحمەد) ناسراوە، بەرپرسی هاوکاری و خزمەتگوزارییە لۆجستییەکانی حزبوڵایە. بە دامەزرێنەری ئەو گرووپەش وەسف دەکرێت، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بەشدارە تێیدا. شایەنی باسە لە ڕابردوودا ئەندامی ڕێکخراوی بەدر بووە. بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکانی نێو ئینتەرنێتیش بێت، ئەم کەسایەتییە لە جەنگی ئێران-عێراقدا سەربازبووە و بەدیل گیراوە، واتا ئێستا لە پەنجاکانی تەمەنیدایە. هاوکات ماوەیەکیش یەکێک بووە لە فەرماندە سەربازییەکانی حزبولای عێراق.

جەعفەر غانمی (ئەبو ئیسلام)، بەرپرسی کاروباری مەدەنی کەتائیبی حزبوڵایە و لە ڕابردووشدا ئەمینداری گشتی ئەو گرووپە بووە. بەهەمان شێوە سەرچاوەکانی ئینتەرنێت دەڵێن، ئەمیش سەربازی بەدیلگیراوی جەنگی ئێران-عێراق بووە، واتا لە هەمان تەمەنی کەسایەتی پێشوودایە. سەرچاوەی دیکەی ئەلیکترۆنیش دەڵێن، خەڵکی شاری بەسرەیە و بڕوانامەی ئەندازیاری کارەبای هەیە.

شێخ جاسم، نازناوی خێزانییەکەی بەوردی نازانرێت، بە (ئەبوکازم) ناسراوە) دوایین ئەندامی زانراوی ئەنجومەنی شورایە. کاروباری کارگێڕی بەدەستە، لەنێو ئەو کاروبارانەشدا بەڕێوەبردنی ئەو نووسینگانەی حزبولا کە کاروباری چەکدارە کۆنەکان، شەهیدەکان، خێزانەکان و چاودێری تەندروستی دەگرێتە ئەستۆ.

### سەرکردەی دیکە لە کەتائیبی حزبولادا

چەند گەورە سەرکردەیەکی کەتائیبی حزبولا هەن، کە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی شورا نین. بەڵام لە ڕابردوودا هەندێکیان ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوون. هەروەک ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە، ئەم

کەسایەتیانەش شایەنی ئەوەن نازناوی (خاڵە)، واتا سەرپەرشتیار لەو پلەبەندییەدا وەربگرن کە حەمەدی مالیک دیاریکردووە.

شێخ عەدنان محەممەداوی (عەدنان یوسف جاسم، ئەبوعەممار)، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی شورایە و ئێستا بەڕێوبەری (دەستەی ئابووری)یە لە کەتائیبی حزبوڵادا. ئەندامی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی کەتائیبەکەش بووە. تەمەنی ٤٢ ساڵە، واتا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتووەتە تەمەنی خزمەتی سەربازی. ئەمەریکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستگیریان کردووە. بەڵام حکومەتەکەی نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠١٠ ئازادی کرد. هەروەک لە پێشووشدا باسمان کرد، لەلای ئەمەریکییەکان یەکێکە لەو کەسایەتییە سەرەکیانەی لە ساڵانی ٢٠١٨-٢٠١٩ هەوڵی ئۆقاندنی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراقی داوە و هانیداون تا دەنگ بە دەرکردنی هێزی ئەمەریکا لە عێراق بدەن. یەکێک لە سەرچاوەکانی نووسەریش دەڵێت، بەرپرسی بنکەی (جورف سەخر)ە.

حسێن فالیح عەزیز لامی (ئەبوزەینەب)، سەرۆکی (بەڕێوبەرابەتی ئاسایشی ناوەندیی)ە لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا. تەمەنی ٥١ ساڵە، واتا لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا گەیشتووەتە تەمەنی سەربازی. زۆر لە چاودێران دەڵێن لە ئەبوحسێنی ئەمینداری گشتی کەتائیبی حزبوڵاوە زۆر نزیکە. هاوشێوەی ئەبوفەدەک بەشداری ئەم کەسایەتییە لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا وایکردووە بخرێتە ژێر چاودێری گشتی و نێودەوڵەتییەوە. هاوکات پێدەچێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دوو گرووپدا هەبێت، کە بەشێوەیەکی بەهێز پێکەوە بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەم/٢٠١٩ لە بەغدا کاریان کردووە، ئەوانیش (سەرایا خۆراسانی و کەتائیبی سەیدولشوهەدا)ن. هەروەها ئەبوزەینەب بەوەش ناسراوە کە بە نوێنەرایەتی ئۆرەکەی ئەبوحسێن لە نێو حزبوڵادا، یەدەگی گەورەی دارایی و پرۆژە ئابوورییەکانی لەژێر دەستدایە، بە پرۆسەکانی بەقاچاخبردنی نەوتیشەوە. لەو ئەندامانەی دیکەی حزبولا کە بە هۆی کارکردنیان لەگەڵ حەشدی شەعبی و ڕۆڵیان لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکاندا دەرکەوتن، ئەدەەب قیتان باهیلی ناسراو بە (سەتار جەبار ئەعبان، یاخود ئەبوئیمان باهیلی) بەڕێوەبەری هەواڵگری هێزەکانی حەشدی شەعبییە. بە بەراود لەگەڵ گەورە سەرکردەکانی دیکەی کەتائیبی حزبولادا، ئەم بەتەمەن کەمێک بچوکترە، بەرەچەڵەک کوردی شیعە فەیلییە، لە نەوەدەکاندا لە هەرێمی کوردستانەوە براوەتە نێو ئەو گرووپانەوە، لە ڕێکخراوی بەدریشەوە هاتووەتە نێو حزبولاوە. لە کۆتایی نەوەدەکانەوە لە یەکەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان و هەواڵگری ڕێکخراوی بەدر کاری کردووە، دواتر لە پۆستێکی هەواڵگریدا لە وەزارەتی ناوخۆ دەستبەکاربووە، لەدوای ساڵی ٢٠١٤ لە (لیوای ٢٧)ی سەر بە حەشدی شەعبیدا کاری کردووە، تا لە ساڵی ٢٠١٦ کراوە بە بەڕێوەبەری هەواڵگری حەشدی شەعبی. شایەنی باسە ئەبوئیمان لقی هەواڵگری تەکنیکی لە حزبولادا پەرەپێدا، بەرپرسیشە لە کۆمەڵێک کەیسی هەستیار. لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆش، بابەتی گوماناوی دەربارەی سیاسەتمەدار و بەڕێوەبەری وەزارەتەکان و فەرمانبەرە ئەمنییەکان کۆدەکاتەوە. کاتێکیش خۆپیشاندانەکان لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩ سەریانهەڵدا، ئەم کەسایەتییە بە هاوکاری لەگەڵ بەرپرسانی هەواڵگری ئەلیکترۆنی لە سوپای قودس و شانەیەکی نۆزدە کەسی لە ڕاگەیاندنکارە بەکرێگیراوەکانی حزبولای لوبنانی، کە بارەگاکەیان لە بەغدا بوو، لیستی ئامانجەکانی لە چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەوانان ئامادە کرد. لە ڕیزی بەرپرسیارییەکانیشیدا دیاریکردنی ئامانجەکانە، کە برینین لە کەس و پێگەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان و کورد.

حسێن موئنیس جەبار حیجامی ناسراویشە بە (ئەبوعەلی عەسکەری، ئەبوموسا) کەسایەتییەکی ئاڵۆزە لە کەتائیبی حزبولادا، یەکێکیشە لە چەکدارە سەرەتاییەکان و لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لە ماوەی ٢٠٠٩-٢٠١٠ دەستگیرکرا. دواتر لە یەک کاتدا، لەگەڵ ئەبوئالا وەلائی، سەرکردەی کەتائیبی

سەیدولشوهەدادا ئازادکران. موئینس ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی شورایە، ماوەیەکی زۆریش لە ئێران ژیاوە و هاوسەرەکەشی ئێرانییە. هاوکات یەکێکە لە ئەندامە دێرینەکانی (ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان). لە کەناڵەکانی ئێلگرامی سەر بە حزبولادا بە سەرۆکی ئاسایشی گرووپەکە وەسف دەکرێت. حسێن موئینس دوای کوژرانی موهەندیس زۆر بە ئاشکرا بۆچوونەکانی دەردەبڕێت، لەلایەن کۆچکردو (هیشام هاشمی)ەوە بەناو دەستنیشانکرا، تەنانەت وێنەشی بڵاوکرایەوە. لەو کاتەشەوە زۆر هەوڵیدا ڕاستییەکە بشارێتەوە و ڕەتیکردەوە، کە ئەو ئەبوعەلی عەسکەری بێت. بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون.

لە کەسایەتییە دیارەکانی دیکە لە نێو کەتائیبی حزبولادا، چەند کەسێکن لەوانەی زۆربەی جار وەک وتەبێژی فەرمی گرووپەکە دەردەکەون. لەوانە، محەمەد موحی، کە وتەبێژی فەرمی ئەو گرووپەیە. هەروەها جەعفەر حوسەینی وتەبێژی سەربازی حزبولایە. حزبولا هەندێکجار دکتۆر جاسم جەزائیری وەک وتەبێژ بەکاردەهێنێت، کە پێدەچێت سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی ئەو گرووپە بێت.

شایەنی باسە ئەندامەکانی دیکەی حزبولا سورن لەسەر ئەوەی ئاشکرا نەبن. بۆ نمونە کەتائیبی حزبولا ناهێڵێت ناسنامەی فەرماندەی سێ لە لیواکانی حەشدی شەعبی (لیواکانی: ٤٥، ٤٦ و ٤٧) دەربکەوێت. هەندێک لە سەرکردەکانی حزبولا بە هۆی ئەوەی پۆستی فەرماندەی بەڕێوەبەرانییەکانی حەشدی شەعبیان (کە زۆربەی جار بەهۆی وەرگرتنی ئەم پۆستانەوە، دەناسرێن و دێنەبەرچاو) پێدراوە، بەرادەیەکی سنوردار ناسنامەکانیان ئاشکرا بووە. ئێوەگلانی حزبولاش لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا بووە هۆی ئەوەی کەمێک لە فەرماندە ئەمنییەکانی سەر بەو گرووپە ناسنامەیان ئاشکرا ببێت. هەندێکجاریش لە ڕێی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لەگەڵ هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراقدا ناسنامەکانیان دەستنیشان دەکرێت. لەو چوارچێوەیەشدا لانی کەم توانراوە ناسنامەی کەسایەتییەکی ئایینی و یاسایی گرنگ لە نێو کەتائیبی حزبولادا دیاریبکرێت، ئەویش محەممەد سافییە، کە کەسایەتییەکی ئایینی دانیشتووی کەربەلایە. هاوکات ڕێبەری ئایینی کەتائیبی سەیدولشوهەداشە، ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەردوو گرووپەکە پاشخان و دیدێکی هاوبەشیان هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حزبولا زۆر کارایانە ناسنامەی سەرکردەکانی دەشارێتە، تەنها ڕێگە بە دەرکەوتنی ناسنامەی ئەو بەرپرسانەی دەدات، کە چی تر ڕۆڵێکی هەستیاریان نەماوە.

### بەشی چوارەم: لایەنە ناسەربازییەکانی کەتائیبی حزبولا

کەتائیبی حزبولا هاوشێوەی گرووپەکانی وەک حزبولای لوبنانی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، لەبری ئەوەی تەنها لایەنێکی کارای سەربازی بێت، چالاکی ناسەربازیشی هەیە. لەم باسانەی داهاتووشدا بە وردی ئەو ژێرخان و دامەزراوە ناسەربازیانە باسدەکرێن کە دوای کوژرانی موهەندیس خۆیان گرتووە و ماونەوە.

### چالاکییە مەدەنییەکانی سەر بە ئایدۆلۆجیای خومەینی

لایەنە مەدەنییەکەی حزبولا، کە لەلایەن جەعفەر غانمی (ئەبوئیسلام)ەوە بەڕێوەدەبرێت، بەدیلێکە بۆ ئەو نمونەیەی لەنێو گرووپەکانی عێراقدا باوە، کە خۆی دەبینێتەوە لەو کوتلە سیاسیانەی پەیوەستن بە میلیشیا سەربازییەکانەوە، وەک ڕێکخراوی بەدر، کوتلەی ئەحرار بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر و کوتلەی (سادیقون)ی سەر بە عەسائیبی ئەهلی حەق. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حزبولا بە پێچەوانەی گشت گرووپە سەرەکییەکانی دیکەی سەر بە ئێرانەوە، کوتلەیەکی پەرلەمانی نییە. لەبری ئەوە حزبولا کۆمەڵێکی تەواوی لە دامەزراوەکان هەیە، کە بە بەکارهێنانی ئایدۆلۆجیای خومەینی، ڕۆشنبیر، ژن و گەنجانی شیعە پەلکێش دەکات. لە خوارەوەش ئاماژە بۆ دیارترین ئەو دامەزراوانە دەکەین. بەڵام، پێویستە ئەوە بزانین کە حزبولا جگە لەمانە چەندین دامەزراوە و سەکۆی ڕاگەیاندنی هاوشێوەی هەیە، کە بچوکترن لەمانەی خوارەوە:

دامەزراوەی زەینەبیات: وەک خۆی خۆی دەناسێنێت، دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری ئیسلامییە بۆ ژنان و کچان، لانی کەم لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی بەکار کردووە. بەڵام ڕەنگە سەرەتاکەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨. ئەم دامەزراوەیە لەسەر ئایدۆلۆجیای خومەینی کار دەکات و هانی ژنان دەدات، کە خێزانەکانیان بەرەو ئەو هزرە ئاراستە بکەن کە ناویان ناوە دابونەریتەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ئیسلامی. هاوکات هانیان دەدەن منداڵیان ببێت و ڕۆڵە باوەکەی ژنان لە خێزانەکانیاندا ببینن. ئەم دامەزراوەیە گرووپێکی خڕکردنەوەی جەماوەریشی هەیە، کە دەتوانن بەشداریکردنی ژنان لە ناڕەزاییەکاندا ڕێکبخەن.

کۆمەڵەی دیدەوانی ئیمام حسێن: ڕێکخراوێکە هەڵگری ئایدۆلۆجیای خومەینییە، لقێکە لە باڵی سەربازی کەتائیبی حزبوڵا، کاردەکات لەسەر ئامادەکردنی منداڵ و گەنجان بۆ خزمەتی سەربازی لە ناو کەتائیبی حزبوڵادا. شایەنی باسە پێدەچێت لە ساڵی ٢٠١١ دامەزرابێت. ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی ڕەنگدانەوەی چالاکی ڕێکخراوە شیعە نیمچە سەربازییەکانی دیکەیە (بەسیجی ئێران، حزبوڵای لوبنان و گرووپی ئەنسارولای یەمەنی)، ئەمەش لە ڕێگای سازدانی چالاکییە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی گەشتی هاوینەدا بۆ گەنجان بەرەو بەغدا، بەسرە، نەجەف، لوبنان و ئێران. دیدەوانی حزبوڵا بۆ ماوەی چەند ساڵێک پەیوەست بوو بە ناوی سەرکردەیەکی سەربازی ناسراوەوە، بەناوی ئەبوئاڵیب سەعیدی، کە بەوە بەناوبانگە بۆچوونەکانی زۆر بە ئاشکرا دەخاتەڕوو. شایەنی باسە کەناڵەکانی تێلیگرامی سەر بە کەتائیبی حزبوڵا هانی گەنجان دەدەن، کە ئاگادارکردنەوە بدەن دەربارەی جموجوڵی هێزە سەربازییە بیانییەکان، ئەمەش بەشێکە لە شانە شاراوەکانی کەتائیبی حزبوڵا.

دەستەبژێرە ئەکادیمییەکان: ڕێکخراوێکە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆجیای ئەوانەی پێشووە، کە زانکۆکانی کردووەتە بارەگای خۆی و هەوڵدەدات نەوەیەک لە ئەندامی نوێی ڕۆشنبیر و ئەو کەسە پسپۆڕانەی خواستی نزیکبوونەوەیان لەو گرووپە هەیە ئامادە بکات. هەروەها هەلی خوێندنی درێژخایەن لە زانکۆکانی لوبنان و ئێران دەستەبەر دەکات. هاوکات لەم ڕێکخراوەدا وانە بە زمانی فارسی دەوترێتەوە. هەروەها ئەم ڕێکخراوە مەشقی نیمچە سەربازی و جۆراوجۆریش دەستەبەر دەکات.

دەستەی مزگەوت و حوسەینییەکان و ئیدارەی عەقیدە: دوو دامەزراوەی دیکەی کەتائیبی حزبولان و لەسەر ئایدۆلۆجیای خومەینی کاردەکەن، کە لە کۆنگرەکاندا گفتوگۆ دەربارەی عەقیدە ئایینییەکان دەکەن و توێژینەوە دەربارەی ئیسلام بڵاودەکەنەوە و یادی شەهیدەکان زیندوودەکەنەوە. ناوەندی هەدەف و ناوەندی میسباح: هەریەکە و کۆمەڵێک ناوەندی

**"یەکێک لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوە ڕووکەشەکان، هێرشکردنە سەر ئامانجە ئەمەریکی و خۆرئاواییەکانە."**

توێژینەوە و کتێبخانە خومەینییەکان لەخۆدەگرێت، کە جەخت لەسەر تیۆری سیاسی دەکاتەوە، بەتایبەت بیروباوەڕی ویلایەتی فەقیه، کە ئەندێشەی حوکمڕانییە لە ئێران. ئەم دوو پەیمانگایە ئۆرێک کتێبخانە و هۆڵی نمایش و پێشانگایان هەیە، کە یادی شەهیدەکانی کەتائیبی حزبولا و هێزەکانی حەشدی شەعبی و یادی چەند ڕووداوێکی وەک ساڵانەی (ڕۆژی

قـودس) دەکەنـەوە.
حزبـوڵا ئیمپراتۆرییەکی ڕاگەیاندنی ڕاسنەقینەشی هەیە، کـە بەڕاویـژ و پاڵپشـتیی هونەریـی حزبـوڵای لوبنانـی دامـەزراوە. ئەمـەش خـۆی دەبینێتەوە لە کەناڵی ئاسمانی (ئینیجـاە) کـە بنکەکـەی لـە بەیروتـە، ڕادیـۆی (کەوسـەر و ئینیجـاە) و ڕۆژنامـەی (ئەلموراقیـب ئەلعێراقـی)، لەپاڵ تۆڕێکـی فـراوان لـە پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان، کەناڵەکانـی تێلێگـرام، پێکەگانـی دیکـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و دامـەزراوە فراوانەکانـی نێـو میحـوەری موقاوەمـە، وەک تـۆڕی ڕاگەیاندنـی بەرگـری. هـاوکات پێدەچێـت ڕاگەیاندنـە گـەورە و چالاکـەی حزبـوڵا و بینـەری زۆری ئـەو ڕاگەیاندنانـە، یەکێـک بێـت لـە هۆکارەکانـی بوونـی ئـەو ژمـارە زۆرە لـە وتەبێـژە فەرمییەکانـی ئـەو گرووپـە – وەک محەممـەد موحـی، جەعفـەر حوسـەینی و جاسـم جەزائیـری. هەروەهـا ئەبوعەلـی عەسـکەری، کـە جگـە لـەوەی وتەبێـژی فەرمییـە، پێگەیەکـی فراوانیشـی لـە ڕاگەیاندنەکانـدا هەیـە.

## چالاکییە ئابوورییەکانی حزبوڵا

سـەرەڕای ئـەوەی کەتائیبـی حزبـوڵا ماوەیەکـی زۆرە هاوبەشـی سـەرەکی سـوپای قودسـە لـە عێراقـدا، بـەڵام ئەمـە وای نەکـردووە لـە بەدەسـتهێنانی سـامانە زەبەلاحەکانـدا لـە پێـش گرووپەکانـی دیکـەوە بێـت. موهەندیـس زۆرجـار بەشـێوەیەکی تایبـەت گرنگـی بـە کەتائیبـی حزبـوڵا دەدا، بەجۆرێـک بایەخـی گـەورەی بـە چەکدارەکانـی ئـەو گرووپـە دەدا، تـا بخرێنـە نێـو ڕیـزی ئەوانـەی ناویـان لـە هێزەکانـی حەشـدی شـەعبیدا تۆمارکـراوە (ئەمـەش بـە بـەراورد لەگـەڵ گرووپەکانـی دیکەدا، کـە ژمارەیەکـی زۆر خۆبەخشـی تۆمارنەکراویان هەبوو، مووچەشـیان وەرنەدەگرت). بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی دەسـتکەوتە ئابوورییـەکان بەشـێوەیەکی ورد لـە نێـوان میلیشـیا عێراقییەکانـدا دابەشـدەکرا، ئـەو بابەتـەش لـە بنەڕەتـدا لەژێـر سەرپەرشـتی موهەندیس و سـلێمانیدا بـوو، ئەوانیـش سـوربوون لەسـەر ڕاگرتنـی هاوسـەنگی. دەسـتکەوتەکانیش لـە ڕێـگای سیسـتمی بریکارەکانـەوە دابەشـدەکرا، واتـا نوێنـەری گشـت میلیشـیاکان لـە وەزارەت و لقـە حکومییـەکان و حکومەتـە خۆجێییەکانـدا.
زۆربـەی ئـەو سـامانە ناشـەرعیانەی، کـە میلیشـیاکانیش لـە عێـراق بەدەسـتیانهێناوە، پەیوەسـتن بـە دەسـتگرتن بەسـەر ژێرخـان و بەسـەر پارچـە زەوییەکانـدا، ئەمـەش یەکێکـە لـە هۆکارەکانـی بوونـی بەردەوامـی ناوچـەی هەژموونـی جوگرافـی تایبـەت بـە میلیشـیاکان لـە نێـو ناوچەکانـی سـوننەدا لـە خۆرئـاوا و باشـووری عێـراق، تەنانـەت لـە نـاو شـاری بەغداشـدا.
دامەزراوەکانیـش گۆڕەپانێکـی سـەرەکین، بـۆ نمونـە شـیبل زەیـدی، سـەرکردەی کەتائیبـی ئیمام عەلـی، کـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لەنێـو لیسـتی تیـرۆردا پۆلێنـی کـردووە، بەرژەوەندییەکـی تایبەتـی لـە وەزارەتـی پەیوەندییـەکان و گرێبەسـتەکانیدا هەبوو. لەم دواییانەشـدا (QiCard)، فرۆشـیاری سـەرەکی خزمەتگـوزاری پریپەیـدی ئەلیکترۆنـی، گومانـی لێدەکرێـت میلیشـیاکان قۆسـتبێتیانەوە و ژمارەیەکـی زۆر بەشداربووی ساختەیان تێیـدا دروسـتکردبێت.
بەپێچەوانـەی میلیشـیا باوەکانـی دیکـەوە کـە لەسـەر بنەمـای خزمخزمێنـە کاردەکـەن، دیاریکردنـی چالاکییـە ئابوورییەکانـی حزبـوڵا زۆر کارێکـی گرانـە. پێدەچێـت ژمارەیـەک لـە سـەرکردەکانی کەتائیبەکـە ڕۆڵـی ئابووریشـیان هەبێـت، ئەمـەش ئامـاژە بـۆ بوونـی دەرامەتـی گـەورە دەکات. بـەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بـۆ چەندیـن دەسـەڵاتی جیاجیاش دەکات، کـە هەریەکـە و سـەرچاوەی پاڵپشـتی دارایـی خـۆی هەیـە. هـەروەک لـە پێشووشـدا باسـمان کـرد، عەدنـان محەممـەداوی (دەسـتەی ئابـووری) حزبـوڵا بەڕێوەدەبـات، کـە چالاکییـە سـەرەکییەکانی لـە بەغـدا و بەسـرەدا چڕبووەتـەوە. هـاوکات پێدەچێـت ئەبوحسـێنی ئەمینـداری گشـتی کەتائیـب و هاوبەشـە نزیکەکـەی، واتـا ئەبوزەینەب لامی، نووسـینگەیەکی ئابـووری سـەربەخۆیان هەبێـت، ڕەنگـە ئـەم بابەتـەش پەیوەنـدی بـەو پاداشـت و مووچانـەوە هەبێـت، کـە سـوپای قـودس بۆیـان دەنێرێـت. شـێخ جاسـم سـودانی (ئەبوئەحمـەد) ئەمیـن سـندوقی کەتائیبە و پـارە بەسـەر ئەنـدام و دامەزراوەکانـی ئـەو گرووپـەدا دابـەش دەکات. بەپێـی هەندێـک ڕاپۆرتیـش لـە پلـەی

دووەمدا، سێ کەسایەتی دیکەی حزبولا ڕۆڵی داراییان هەیە، ئەوانیش: ئەحمەد عیساوی (ئەبوحەسەنەین)، شێخ عەدنان مالیکی و خالید ئیسماعیل (ئەبومسنەفا)، ئەمانە بەرپرسی کۆکردنەوەی سامانن لە ئەندامەکانی حزبولاوە.

یەکێک لە نمونە ئاشکراکانی بەشداری حزبولا لە کاری بازرگانیدا، بابەتێکە دەربارەی خزمەتگوزارییەکانی (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا). حزبولا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨-٢٠١٩ چووە نێو کاری بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان، کۆکردنەوەی باجەکان، شوێنی حەوانەوەی کەسە تایبەتەکان و ئۆتێلی فرۆکەخانەوە. لەپاڵ قۆستنەوەی گرێبەستەکان بۆ دەستگرتن بەسەر پێگە هەستیارەکاندا (وەک تاوەری چاودێری جموجوڵی ئاسمانی و ئەو ڕێگایەی تایبەتە بە کەسایەتییە گەورەکان، واتا ئەو ڕێگایەی سلێمانی و موهەندیسی تێدا کوژران) دانوستانکارانی حزبولا هەوڵی بەدەستهێنانی ٢٠٪ی داهاتەکانیشیان دەدا. حزبولا بە درێژایی ئەو کاتە هەوڵیدەدا ئەو کارە بازرگانیانەی بشارێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینی هاوبەشە بازرگانییەکانییەوە بە بەکارهێنانی بەرپرسە حکومییەکان، تا لەبری حزبولا فشار دروستبکەن. هاوکات حزبولا لە یەکێک لە گەڕەکە تایبەت و زۆر پارێزراوەکانی نەجەفدا، بە مەبەستی ترساندنی یەکێک لە کێبڕکێکارە بازرگانییەکان، هێرشی کردە سەر ئەو کەسە. لە ئەنجامی ئاشکرا بوونی کارەکانی ئەو گرووپەشدا، حکومەتی عێراقی حزبولای ناچارکرد لە کۆتاییەکانی ئەیلول/٢٠٢٠ نووسینگە ناسراوەکانی لە فرۆکەخانە دابخات و هاوبەشەکانیشی لە گشت پۆستەکانی فرۆکەخانە دوورخرانەوە، لەبری ئەوانیش کۆمپانیای سەر بە ڕەوتی سەدر کارەکانی گرتەدەست. حاڵەتێکی گرنگی دیکەش هەیە، کە تیشک دەخاتە سەر شێوازی کاری سیاسی و ئابووری کەتائیبی حزبولا. ئەویش پرسی فەلاح جەزائیرییە، کە بۆ یەک خول پۆستی پارێزگاری بەغدای وەرگرت. پێدەچێت ئەم کەسایەتییە، سەرچاوەی سەرەکی گرێبەستە مەدەنییەکانی ئەو گرووپە بێت. بەپێی زۆر لەو لایەنانەی پەیوەندیان پێوەکراوە و شارەزاییەکانی ڕاستەوخۆیان لە لێکۆڵینەوە عێراقییەکاندا هەیە، کاتێک لە نێو ئەنجومەنی پارێزگادا ناڕەزایی دژی ئەو کەسایەتییە سەریهەڵدا و بڕیاری دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی درا، حزبولا هۆشداریدا بەوانەی دژی ئەو کەسە بوون و پێی وتن «فەلاح سەر بە ئێمەیە، لێیگەڕێن. هەرچییەکی بەرامبەر بکەن، واتا بەرامبەر ئێمەتان کردووە». لەم حاڵەتەشەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە حزبولا تۆڕێک لە هەژموونی شاراوە بەڕێوەدەبات، کە لەسەر کارکردنی نهێنی، هاوبەشی، گێچەڵ و تۆقاندن وەستاوە، ئەمەش لایەنێکی گرنگی شاراوەی حزبولایە، کە لەگەڵ ئەو ئاستانەی ئەندامبووندا جیاوازن، کە حەمدی مالیک دیاریکردوون، وەک خاڵە، مامۆستا، لاشەکان و ژمارەکان.

## بەشی پێنجەم: ژێرخان و ڕۆڵە سەربازییەکانی کەتائیبی حزبولا

بەپێی بەشی پێشووی توێژینەوەکە، حزبولا لە ڕابردوودا کەمتر چاوی لەسەر پلانەکانی بەدەستهێنانی سامان بووە لە ڕێگای بەرتیلەوە، وەک لەلای گرووپەکانی دیکە باوە. بەڵکو گرنگییەکی گەورەتری بە ناوچە ستراتجییەکان داوە. چونکە ئەو گرووپە زۆربەی جار گرنگی دەدات بەو سێگۆشەیەی کە کەوتووەتە نێوان بنکەی کەتائیبی حزبولا لە جورف سەخر (باشووری بەغدا) و هەردوو خاڵی سنوری نێوان عێراق و سوریا لە عەکاشات و قائیم (کە لە پەنا شاری ئالبوکەمالی سوریادایە). ڕاستە ئەوەی بە (پردی وشکانی) نێوان ئێران و سوریا ناودەبرێت و لەژێر دەستی بەشار ئەسەددایە، لەڕووی بازرگانییەوە دەوڵەمەندترین ناوچەی عێراق نییە - بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە-، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی بۆ ئێران، میحوەری موقاوەمە، ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل هەیە.

### جورف سەخر

جورف سەخر، کە بە دووری ٤٠کم دەکەوێتە

باشووری خۆرئاوای بەغداوە، ناوەندی سەربازی سەرەکییە بۆ حزبوڵا. ئەم پێگەیە لەسەر زەویوزاری هەندێک گوند بنیادنراوە، کە دانیشتوانە سوننەکانی دەرکراون و بۆیان نییە بگەڕێنەوە. جورف تایبەتە بە حزبوڵا و هێزەکانی حکومەت ناتوانن بچنە ناوی، بەجۆرێک حزبوڵا مافی بەکارهێنانی ئەو زەویانەی لە حکومەت زەوتکردووە. لەم ناوچەیەدا زیندانی گەورە و تایبەتی حزبوڵا هەیە (کە زۆر زیاتر لە ١٠٠٠ دەستگیرکراوی نایاسایی تێدایە) دامەزراوەی تایبەت بە ئامادەکردنەوەی چەکدارەکانیشی لەڕووی تەندروستییەوە تێدایە. شایەنی باسە هەردوو لیوای ٤٦و ٤٧ی نێو حەشدی شەعبی بارەگاکانیان لە جورفە. هاوکات ناوچەی جورف سەخر بنکەیەکی دروستکردن و هەڵگرتن و تاقیکردنەوەی تەقەمەنییە و لە ژێردەستی حزبوڵادایە. هەندێکجاریش ئەو پێگانەی پیشەسازی سەربازی بەکاردەهێنرێت، کە لە سەردەمی سەدامدا دروستکراون. هاوکات ئەم گرووپە لە ئازار/ ٢٠١٩وە هەوڵیداوە ڕێگری لە جموجوڵی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا بکات، واتا پێش چەند مانگێک لە بەکارهێنانی ئەم پێگە سەربازییە بۆ ناردنی دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە مووشەکەوە بەرەو دوو وێستگەی هەناردەکردنی نەوتی سعودی لە ١٤/ ئایار/ ٢٠١٩. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکاش بۆسەر ناوچەی جورف لە ١٣/ ئازار/ ٢٠٢٠ چەند خاڵێکی کردە ئامانج، کە بەپێی وتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان برینی بوون لە: پێگەیەک لە جورف سەخر بۆ بەرهەمهێنانی تەقەمەنی و حەشاردانی ئەو چەکە کۆنانەی پەرەیان پێدراوە، دامەزراوەیەکی تایبەت بە تاقیکردنەوەی بزوێنەری مووشەکەکان، شوێنی هەڵگرتنی چەک لە موسەیەب، شوێنێکی هەڵگرتنی مووشەک و شوێنی هەڵگرتنی هاوەن لە جورف.

ئەمریکا هەر لە ١٣/ ئازار/ ٢٠٢٠ پێگەیەکی دوورتری بە ئاڕاستەی خۆرئاوا بۆردومان کرد، کە بە (پێگەیەکی حزبوڵا لە کەربەلا، بۆ هەڵگرتنی چەکە کۆنە پەرەپێدراوەکان) ناوی هێنا، ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە هەمان جێگەی فڕۆکەخانە تەواونەکراوەکەی کەربەلاوە. هەندێک ڕاپۆرتیش ئەوەیان باسکردووە، کە چەند ئەندامێکی (لیوای عەتەبات)ی حەشدی شەعبی کراونەتە ئامانج، کە ئەندامی حزبوڵا نین، لە ئەنجامیشدا سێ کەسی مەدەنی پێوەبوون. بەپێی وتەی حزبوڵا، ئەو گرووپە دامەزراوەی مووشەکی مەودا مامناوەندی لە عێن ئەمر (کەوتووەتە خۆرئاوای کەربەلا بە دووری ٧٠ کیلۆمەتر، واتا لە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی ڕەزازەوەیە) و کارگەیەکی تەقەمەنی لە زەعفەرانییە ( لە باشووری خۆرهەڵاتی بەغدا، بە دووری ١٠ کیلۆمەتر) بەڕێوەدەبات. حکومەتی عێراقیش لە ٢٥/ حوزەیران/ ٢٠٢٠، لە شوێنی تایبەت بە هەڵگرتنی مووشەک لە ئەلبوعیسە (٢٠ کیلۆمەتر لە باشووری شاری بەغدا) لەپاڵ ١٣ ئەندامی حزبوڵادا، ئەندامێکی گومانلێکراوی دیکەی ئەو گرووپەشی دەستگیرکرد، کە شارەزایی لە مووشەکدا هەبوو.

### بنکەکانی حزبوڵا لە ئەنبار و ئەلبوکەمال

حزبوڵا هەوڵیدا بوونی خۆی لە ناوچەی خۆرئاوای ئەنبار بەهێز بکات، واتا لەو ناوچەیەی دانیشتوانی شیعەی تێدا نییە. هێزەکانی کەتائیبی حزبوڵا لە ساڵی ٢٠١٣ لە خۆرئاوای ئەنبار بڵاوبوونەتەوە، ئەو ناوچەیەش بۆ گەیشتن بە گۆڕەپانەکانی جەنگ لە سوریا بەکارهێنا. لەگەڵ ئەوەی ئەنبار لەژێر فەرماندەیی بارەگایەکی سەربازیدایە، کە پێکهاتووە لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار و هێزەکانی حەشدی شەعبی (فەرماندەیی، یاخود میحوەری ئۆپەراسیۆنەکانی خۆرئاوای ئەنبار)، بەڵام لەو ناوچەیەدا ئەو هێڵەی بە نێو (جورف-عەکاشات- قائیم)دا تێدەپەڕێت، لەژێر هەژموونی (فەرماندەیی ئۆپۆراسیۆنەکانی جەزیرە)ی سەر بە کەتائیبی حزبوڵادایە. حزبوڵا لەو ناوچەیەدا هەوڵی زۆری داوە دووژمنەکانی لەناوببات، بۆ نموونە لەناوبردنی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنبار، نەهێشتنی دوو بنکەی گومرگ لە عەکاشات و قائیم و دروستکردنی تۆڕی هەژموونگرتنی نهێنی. هەروەها حزبوڵا ژمارەیەکی زۆر بەکرێگیراوی لە ئەنباردا هەیە، کە لەنێو فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار، پۆلیسی

ئەنبار، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی، هەردوو فیرقەی ٨ و ١٤ی سوپای عێراقی و کارگێڕی پارێزگا و ناوچەکاندا کاردەکەن.

بنکەکانی حزبولا لە خۆرئاوای ئەنبار، لە دوو لق پێکدێت. ئەوانیش، خاڵی سنوری قائیم، کە لە بەرامبەر ناوچەی ئەلبوکەمالی سوریادایە. هەروەها لقی عەکاشات (بارەگاکەی لە ڕوتبەیە). بارەگای سەرەکی حزبولا لە قائیم بنکەی (لیوای ٤٥)ی هێزەکانی حەشدی شەعبیە، ئەمەش هێزێکی شەڕکەری دەستەبژێری کەتائیبی حزبولایە. هێزەکانی ئەمەریکا لە ٢٩/کانونی یەکەم/٢٠١٩ ئەو بنکەیەی کردە ئامانج و کازم عەلوان (ئەبوعەلی دیبی) فەرماندەی ئەو هێزەش کوژرا. هاوکات هێزەکانی حزبولا (بەتایبەت هێزەکانی سەر بە لیوای ٤٦ی نێو حەشدی شەعبی) دەستیانگرتووە بەسەر (ڕێگای خێرای ٢٠)دا کە لەگەڵ سنوری عێراق- سوریادا تەریبە. ئەم ناوچەیە، کە نزیکیشە لە هێڵی گواستنەوەی نەوتی نێوان عێراق و سوریا، بۆ گواستنەوەی مووشەک بۆ سوریا بەکاردەهێنرێت. شایەنی باسە هێرشە ئاسمانییەکەی ٢٥/ ئاب/ ٢٠١٩، کە پێدەچێت لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجامدرابێت، کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی لە ڕێگای نێوان دوو بنکەدا کردە ئامانج، کە ئەمەریکاش لە ٢٩/ کانونی یەکەم/ ٢٠١٩ هەردوو بنکەکەی بۆردومان کرد. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئیسرائیل گرنگی زۆر بەو بنکانە دەدات. هەرچی بنکەی (ئیمام عەلی) سەر بە کەتائیبی حزبولاشە، ئەوا ڕاستەوخۆ کەوتووەتە سەر سنور، بەجۆرێک تەنها چەند کیلۆمەترێک لە خۆرئاوای بنکەی گومرگی (حوسەیبە)وە دوورە. لەدوای هەڵمەتی حەلەب لە ساڵی ٢٠١٦، (کەتائیبی حزبولا- بەرەی سوریا) هەوڵە سەربازییەکانی لە سوریا لە ناوچەی دێرەزور و ئەلبوکەمال چڕکردەوە و توانی لە ئەیلول/٢٠١٧ لەدەستی داعشی بکاتەوە. ئیسرائیلیش لە ١٨/حوزەیران/٢٠١٨ بۆ یەکەمجار لە ئەلبوکەمال حزبولای بۆردومان کرد و بارەگای سەرەکی ئەو گرووپەی لە نزیک سنور کردە ئامانج. دواتریش ئەو وڵاتە بنکەی ئیمام عەلی لە ٨/ ئەیلول/ ٢٠١٩، ٥/ کانونی دووەم/ ٢٠٢٠ و ٨١/ ئازار/ ٢٠٢٠ بۆردومان کرد. لە هێرشی کۆتاییشدا ١٥ دامەزراوە لە ناوچەی ئەلبوکەمال کرانە ئامانج، لەوانە چەند جبەخانەیەک لە بنکەی ئیمام عەلی، بارەگایەکی دیکەی کەتائیبی حزبولا لە ناوچەی پیشەسازی، دوو پێگەی (لیوای فاتمیون)، بنکەی (بزووتنەوەی ئەلنوجەبا) لە شارۆچکەی ئەلبوکەمال، دوو بنکەی حزبولا لە باشووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی ئەلبوکەمال. بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان کە پشتیان بەستووە بە وێنەی مانگە دەستکردەکان، ڕەنگە بنکەی (ئیمام عەلی) دامەزراوەی گەورەی ژێر زەوی تێدا بێت و پێدەچێت تونێلێکیشی بەرەو دیوی عێراق تێدا بێت. بەپێی هەندێک لە ڕاپۆرتەکانیش، حزبولا لە (مەیادین)، کە بەدووری ٥٠ میل کەوتووەتە باکووری ئەلبوکەمالەوە، جبەخانەیەکی دیکەی هەیە، لەناو بنکەیەکدا کە پێی دەوترێت (حەیدەرییە).

هاوکات، پێدەچێت حزبولا لە باشووری ئەنباریش چالاکی هەبووبێت. چونکە هەرچەندە شارۆچکەی (نەخیب) بەناو دەکەوێتە نێو ئەو ناوچەیەی لەژێر دەسەڵاتی (عەتەبات)دایە (واتا هێڵی سنوری ئەنبار- کەربەلا/ نەجەف)، بەڵام ئەندامانی حزبولا لە ساڵی ٢٠١١ەوە لەو شارۆچکەیەدان. شایەنی باسە ئەو شارۆچکەیە دەڕوانێت بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانییەی دەچێتە سعودییە و ڕێڕەوێکی لاوەکی گرنگیشە لە بەغداوە بۆ سوریا. بەپێی چەند ڕاپۆرتێکیش، نەخیب لە ساڵی ٢٠١٦ دراوەتە دەست حزبولا، تا ببێتە ناوچەی چالاکییەکانی و لەو کاتەشەوە ئەو هێزە دەستیگرتووە بەسەر هەر شەش پێگە سەرەکییەکەی شارۆچکەکەدا. هاوکات ڕەنگە نەخیب وەک ناوچەی مەشقپێکردنی ئەو تیرۆریستە سعودیە شیعانە بەکاربهێنرێت، کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن. هاوکات ڕەنگە بەکارهاتبێت وەک ناوچەی ناردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودییە.

سەرەڕای ئەو چالاکییە گەورانەی حزبولا لە ئەنبار ئەنجامیداون، دەتوانین بڵێین کە نەیتوانیوە بەو شێوەیەی خۆی چاوەڕوانی بوو بەتەواوەتی دەست

بەسەر ژینگەکەدا بگرێت. چونکە هەردوو بنکە ئەمەریکییەکە لە (ئەسەد و ئەنف) هێشتا لە شوێنی خۆیاندا جێگیرن، فەرمانبەرەکانی (دەزگای دژە تیرۆر) و گومرگی عێراقیش وا دەگەڕێنەوە بۆ قائیم، چەند سەرکردەیەکی بەتواناش چوونەتە نێو ڕیزی هێزە ناوخۆییە عێراقییەکانەوە و دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی ئەنباریش نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بڵاوبوونەوەی میلیشیاکان و دەستگرتنیان بەسەر ئەو ناوچانەدا. لەوەش گرنگتر هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا دەریانخست، کە ئەنبار زۆر چاوەڕوان دەکرێت دووچاری هێرشی ئاسمانی ببێتەوە، ئەمەش وایکرد ئێران و میلیشیاکانی لە ماوەی نێوان ٢٠١٩-٢٠٢٠ هەندێک ڕەگەزی گرنگ بەرەو باشووری عێراق بکشێننەوە.

### بەشی شەشەم: پەلهاویشتنی هێز

لەو ماوەیەی موهەندیس سەرپەرشتیاری گرووپەکان بوو، سوپای قودس لە عێراقەوە هێزی خۆی بۆ دووژمنەکانی نمایش دەکرد. چونکە لەپاڵ هێرشکردنە سەر چەند ئامانجێکی ئەمەریکی و خۆرئاوایی دیکە لە عێراق و پەوکردنی هێزی دیکە لە نێو میحوەری موقاوەمە لە سوریادا، عێراق وەک پێگەی دەستپێکی هێرشەکانیش بۆسەر وڵاتانی کەنداو بەکارهات، کە لەلایەن دەسەڵاتە سوننەکانەوە حوکمڕانی دەکرێن. دامەزراوەکانی مەشقپێکردنی تیرۆریستەکان و سیستمی مووشەکە دوورمەوداکانیش لەسەر خاکی عێراق ئامادەی کارکردنن. ناوی کەتائیبی حزبوڵاش بەستراوەتەوە بە دەستدرێژییەکانی، وەک پاڵپشتیکردنی گرووپە چەکدارەکان لە بەحرەین و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆسەر سعودییە لە ١٤ی ئایار/ ٢٠١٩. بەڵام ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە گرووپی دیکەی عێراقیش (وەک سەرایا جیهاد، کە دواتر باسی دەکەین)، ئێستا لەو چوارچێوەیەدا کاردەکەن.

### مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئێرانییەکان

ئێستا سەنتەری سەرەکی مووشەکە ئێرانییەکان لە عێراق لە خۆرئاوای ئەنباردا نییە، بەڵکو لە سێگۆشەی (میسان- زیقار - واسط)دایە. شایەنی باسە سیستمی هەڵگرتنی مووشەکەکان لەسەر پەیوەندییەکی درێژخایەن بوونیادنراوە، کە لە نێوان حەسەن ساری (ناوی ڕاستەقینەی، حەسەن ڕازی کازم گائع سارینی)ە سەرکردەی سەرایا جیهاد و (لیوا ئەحمەد فروزەند)ەدایە، کە فەرماندەیەکی سوپای قودسە و لە ساڵی ٢٠٠٢ لەو سوپایەدا کراوە بە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی میحوەری باشووری عێراق. حەسەن ساری هەرچەندە ئەندامی حزبوڵا نییە، بەڵام لە سەرەتای دە ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیەوە، لەنێو (گرووپە تایبەتەکان) و دواتریش کەتائیبی حزبوڵادا، وەک بەرپرسی سەرەکی لۆجیستی لە باشووری عێراق کاری کردووە. لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆڵێکی گرنگی لە هەریەک لە (گرووپە تایبەتەکان) و (تۆڕی شەیبانی) دا بینیوە. بەرپرسی ڕۆژانەی هێزە مووشەکییەکانی سوپای قودسیش لە عێراق، حەمەد موحسین موجەبیر (ئەبوئیمان دەڕاجی)ە، کە بەناو بەرێوەبەری هەواڵگری حەشدی شەعبییە لە بەسرە.

ئێستاش مووشەکهاوێژ و مووشەکی گەورەتری ئێران بەشێوەی پارچە پارچە دەگوێزرێنەوە بۆ عێراق. چونکە بەو شێوەیە دەتوانرێت بەو بارهەڵگرە بچوکانە بگوێزرێنەوە، کە کەمتر گومانیان لێدەکرێت (وەک تەنکەری ئاو، یاخود نەوت) و کۆنتێنەری بچوک. پێدەچێت مووشەکە پێشکەوتووەکانیش لە عێراق لەم جۆرانە بن: خەیبەر-١ (٣٠٢ملم، ٦٥ میل)، بەدر-١ و بەدر-P1 (٢٠١ملم، ٩٠ میل) و ڕەنگە مووشەکی (ڕەعد-٥٠٠)یشی تێدا بێت، کە توانایەکی زۆری تەقینەوەی هەیە و کێشی دەگاتە ١١٠٠ پاوەند و مەوداکەی ٣٥٠ میلە. زۆربەی جاریش کڵاوە و لاشەی مووشەکەکان بەجیاجیا لە کومەیت (نزیک عەمارە) و بەتحا (نزیک ناسریە) و نوعمانییە (نزیک کوت) هەڵدەگیرێن. دەستەیەکی کارکردنیش لەوانەی شارەزاییان لە کۆکردنەوەی چەکدا هەیە، بەهەمیشەیی لەنێو تۆڕەکەی ئەبوئیمان دەڕاجیدا دوام دەکەن، بە پێدانی ماڵ و مووچەش، پاداشتی توانا

و دڵسۆزییەکەیان دەکرێت. هاوکات ئەو کەسانە بە بەردەوامی ژمارەی مۆبایلەکانیان دەگۆڕن. لەڕاستیدا کەسانی وەک حەسەن ساری و ئەبوئیمان دەڕاجی، ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە زۆرجار پەیوەندییە کەسییەکان کارە ڕێکخراوەییە کاتییەکان ئێدەپەڕێنن. چونکە، ئەوەتا ئێران بەمەبەستی بەڕێوەبردنی هێزە مووشەکییەکان لە عێراق، دەتوانێت دوو تۆڕ لە پاڵ یەکدا - ساری/دەڕاجی و کەتائیبی حزبوڵا- کۆبکاتەوە.

### پاڵپشتیکردنی تیرۆریستە بیانییەکان

میکانیزمی دووەمی نمایشکردنی هێز لە عێراق، مەشقپێکردن و پڕچەککردنی تیرۆریست و چەکدارە بیانییەکانە. هەروەک (مات لێڤت) لە شوباتی٢٠٢٠ لە (CTC Sentinel)) نووسیویەتی: بەکارهێنانی چەکداری شیعەی ئائێرانی و نالوبنانی ئەو گەشەسەندنە چاوەڕوانکراوەیە، کە ڕەنگە لەو کردە چەکدارییە دەرەکیانەدا ڕوویدات، کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن. جارێکی دیکەش حزبوڵا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوبەشی منمانەپێکراوی سوپای قودس بەشدارە لەو دۆسییەیەدا. بەپێی زانیارییەکانیش، حزبوڵا لە مەشقپێکردنی ڕاگەیاندنکار و چەکدارەکاندا، هەروەها لە چەکدارکردنی شەڕکەرە بەحرەینییەکان، ڕەنگە سعودییەکانیشدا بەشدار بووە. هاوکات پێدەچێت ئەبوئیمان دەڕاجی کارەکەری سەرەکی پێشوازیکردن و مەشقپێکردنی ئەو خۆبەخشە بیانیانە بێت، کە لە یەمەن و وڵاتانی کەنداوەوە هاتوون. بەجۆرێک ئەو کەسایەتییە سەرپەرشتی گەورەترین (بەبۆچوونی نووسەر) شوێنی مەشقپێکردنی چەکدارە بیانییەکانی سەر بە ئێران لە کومەیتی پارێزگای میسان دەکات. پێدەچێت حەسەن ساری و ئەبوئیمان دەڕاجی ڕۆڵیان هەبێت لە گواستنەوەی کەرەستە سەربازییەکانی سوپای قودس لە ئێرانەوە بۆ ئوم قەسر لە بەسرە، لەوێشەوە بۆ عومان، تا لەدواتردا بگوێزرێنەوە بۆ یەمەن. بەپێی ئەو زانیاریانەی بە نووسەر دراوە، سوپای قودس لە ئوردن، پرۆسەی هەناردە و هاوردەی ئۆتۆمبێل، کە لەلایەن شیبل زەیدییەوە جێبەجێ دەکرا، وەک پەردەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجە گەشتیارییە ئیسرائیلییەکان لە ئوردن و چاودێریی خاڵە سنوورییەکان بەمەبەستی دەربازکردنی بارهەڵگری ئەقەمەنییەکان لەڕێگای (وادی ئەسەد)ەوە (کە ئوردن و عێراق بەیەکەوە دەبەستێتەوە) بەکاردەهێنێت. ئەبومستەفای شەیبانیش لە عێراقەوە ڕۆڵی لە ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکاندا هەیە. ئەم کەسایەتییە لە دەرەوەی سوپای قودس، لەگەڵ دەزگانی ئیتلاعاتی ئێرانیدا کاردەکات و هەوڵدەدات تواناکان بۆ دزەکردنە نێو دەزگا هەواڵگری و لۆجستییەکانی وڵاتانی کەنداو گەشەپێبدات.

### بەشی حەوتەم: ڕۆڵی کەتائیبی حزبوڵا لە سیاسەتە ناوخۆییەکاندا

کەتائیبی حزبوڵا لە ژێر سەرکردایەتی سلێمانی و موهەندیسدا، بووە پێشەنگی تۆڕێک لە میلیشیاکان، کە ئەوەندەی نەمابوو لە هاوینی ٢٠١٩ هەژموون بەسەر حکومەتی عێراقیدا بگرێت. لەو کاتەشەوە نارەزاییە جەماوەرییەکان، کوژرانی سلێمانی و موهەندیس و دامەزراندنی سەرۆک وەزیران مستەفا کازمی دژی ئەو دەستکەوتانە کاردەکەن، کە ئەو میلیشیایە بەدەستی هێناوە. ئەو گرووپەش لە مانگەکانی سەرەتای ٢٠٢٠ دەریخست کە هیچ سڵ لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتە نیشتمانییەکان و سەرخستنی بەرژەوەندییەکانی بەسەر پرسە سەرەکییەکانی، وەک هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا ناکاتەوە. بێ دوودڵیش هەڕەشەی ڕۆحی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد. تا ئێستاش هەڕەشە سیاسییەکانی دەستکەوتێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە. بەڵام لە سایەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق و هەڵکشانی فشارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕامکردنی میلیشیاکاندا، ڕەنگە کەتائیبی حزبوڵا و هاوبەشەکانی بڕاردەی بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی چاکسازییەکان هەڵبژێرن. ئایا چاوەڕوان دەکرێت حزبوڵا لە توندوتیژی سیاسی ناوخۆییدا چ ڕۆڵێک ببینێت؟

## هەڕەشەی حزبوڵا لە حکومەتی عێراقی

کاتێک حزبوڵا لە ٢٥/ حوزەیران/ ٢٠٢٠ هێزی خۆی ڕاستەوخۆ لەبەردەم بارەگای سەرۆک وەزیرانی عێراقدا نمایشکرد، ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو، کە ئەو گرووپە دەتوانێت بەخێرایی هێزی چەکداری کۆبکاتەوە و لەڕێگای بارهەڵگرە بچوکەکانەوە (کە زۆربەی جار چەکی دۆشکەی ئۆتۆمانیکی قورس، تەنانەت تۆپی ٢٣ ملمیشی لەسەرە) بیانگوێزێتەوە بۆ ناوجەرگەی ناوچەی سەوز. کاتێکیش حکومەتی عێراقی لە هەمان ڕۆژدا، ١٤ ئەندامی حزبوڵای دەستگیرکرد، کە بەناو لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کاریان دەکرد، ئەبوفەدەک لە وەڵامدا و بەمەبەستی نمایشکردنی هێز، کۆمەڵێک چەکداری لە بنکەی ئەلبوعیسەوە کۆکردەوە، تا ئەو دەستگیرکراوانە ئازاد بکات.

حزبوڵا لە سەرانسەری شاری بەغدا دەتوانێت لایەنگرەکانی لە چەندین ناوچەی شەقامی فەلەستین (لە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، نزیک گۆڕەپانی تەحریر) بەکاربهێنێت، لەنێویشیاندا مزگەوتە سەرەکییەکەی حزبوڵا، واتا مزگەوتی (بەقیەتوڵا). شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١٨ دوای ئەوەی پێکدادان لە نێوان چەکدارانی حزبوڵا و هێزەکانی پۆلیسدا ڕوویدا، چەکدارەکان بە پێنج ئۆتۆمبێلی دزراو هەڵاتن بۆ شەقامی فەلەستین، تا لەوێ پارێزگاریان لێبکرێت. حزبوڵا لە ناوچەی دوورتریش دەتوانێت هێز و چەکی قورس لە نزیکەی ٢٤ پێگەی سەربازی و خاڵی پشکنینی دەوروبەری شاری بەغدا و بنکەی جورف سەخرەوە (بەئۆتۆمبێل کاتژمێرێک لە بەغداوە دورە) بەدەستبهێنێت. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا بەهێزترین چەکی حزبوڵا، کە لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیدا لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هانای بۆدەبات، تۆقاندنە، کە لە بەرامبەر ئەو فەرماندە سەربازیە عێراقیانەدا هانای بۆ دەبات، کە لەبەردەمیدا دەبنە بەربەست – ئەو پەیامەیان ئاراستە دەکات، کە ئەگەر دژایەتی حزبوڵا بکەیت، ئەوا حزبوڵا ئەمڕۆش نەتکاتە ئامانج، بەدڵنیاییەوە ڕۆژێک دەتکوژێت. ئەم ئامرازەش سەرچاوەی هێز و هەژموونی ئەو گرووپەیە، بۆیە پێویستە تێکبشکێندرێت.

## ڕۆڵی حزبوڵا لە سەرکوتکردنی خۆپشاندانەکاندا

لەگەڵ ئەوەی کەتائیبی حزبوڵا لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩ ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستن و بەئامانجگەیاندنی هەڵمەتی سەرکوتکردنی خۆپشاندانەکاندا گێڕا، بەڵام ئارادەیەکی زۆر کوشتن و لێدانی مەدەنییەکانی نێو خۆپشاندانەکانی بۆ ڕێکخراوی بەدر و گرووپی دیکە بەجێهێشتووە. بەکرێگیراوەکانی حزبوڵا، وەک ئەبوئیمان بەهالی بە سوودبینین لە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەواڵگری تەکنیکی و ئەلیکترۆنی ئێرانی و هەواڵگری حزبوڵای لوبنانیدا، کار لەسەر بەئامانجکردنی سەرکردەکانی خۆپشاندانەکە دەکەن. لە ئایندەشدا ڕەنگە حزبوڵا چڕتر کار لەسەر سەرکوتکردنی خۆپشاندانەکان بکات. بۆ نمونە دەستنیشانکردنی سەرکردەکانی شۆڕشەکە و دروستکردنی مەترسی لەسەر پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانیان. لەو چوارچێوەیەشدا حزبوڵا لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩ بەنهێنی بەشدار بووە لە بەخشینی لافیتەی نارەزاییەکان بە خۆپشاندەران، کە لەناویدا ئەتنیگرێتی ئایبەت بە چاودێریکردنی تێدابوو، واتا لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت چاودێری خۆپشاندەر بکرێت.

هەندێک هاوبەشی متمانەداری دیکەی سوپای قودس هەن، کە کەمتر خۆیان ئاشکرا دەکەن. وەک کازم جابری فەرماندەی (سەرایا عاشورا)، واتا لیوای ٨ی حەشدی شەعبی، هەروەها بەناو بەڕێوەبەری مەشقپێکردن لە حەشدی شەعبیدا. ئەم کەسایەتییە لە نێوان سێ ماڵ لە بەغدا و باخێکی تایبەتی سەردەمی سەدام لە ناوچەی دۆرەی باشووری بەغدا شوێنگۆڕکێ دەکات. جابری ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی کەسایەتییە سیاسییەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەبینێت، بەو مەبەستەی تیرۆر بکرێن، یاخود لە بەغدا دەستگیربکرێن (شایەنی باسە، لە بەسرە ئەبومستەفا شەیبانی هەمان ڕۆڵ لە بەئامانجگرتنی چالاکواناندا دەبینێت. لە ناوچەی دیکەی باشووری عێراقیشدا، جاسم مالیکی، یەکێک


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

لە یاریدەدەرەکانی ئەبوئیمان دەڕاجی، ئەو پرۆسەی بەئامانجگرتنەی گرتووەتە ئەستۆ). شایەنی باسە جابری زیندانێکی نهێنی لە باشووری ناوچەی کەرادەی بەغدا بەڕێوەدەبات، کە خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەسەن ساری و سەرایا جیهاد.

## ئەو تۆڕە رووکەشانەی دەکرێت خۆیان لێ بێبەری بکرێت

لەگەڵ ئەوەی گرووپەکانی وەک سەرایا خۆراسانی و کەتائیبی سەیدولشوهەدا پێش ساڵێک لەمەوپێش بە ئاشکرا هاووڵاتی عێراقیان لەسەر شەقامەکان دەکوشت. بەڵام ئێستا ژمارەی بکوژە نادیارەکانی سەرکردەی خۆپیشاندانەکان لەزیادبووندان. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پارێزبەندییەی میلیشیاکان هەیانبوو، ئێستا وەک جاران مسۆگەر نییە، بۆیە جارێکی دیکە پەنا دەبەنەوە بەر نکوڵیکردن لە کارەکانیان. ڕەنگە تۆڕەکەی کازم جابریش ئاماژەبێت بۆ پەرەسەندنی داهاتووی میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە سوپای قودس. هاوکات پێدەچێت سەرۆکە ڕاستەوخۆکەی جابری، واتا سەرحان تومان شیبلی، جەخت لەسەر پەلکێشکردنی ئەو ئەندامە گەنجانە بکاتەوە، کە پێشینەی تاوانیان نییە و زیندانیان نەبینیوە (واتا زانیاری بایۆمەتری تایبەتیان لە داتا ئەمەریکی، یاخود عێراقیدا نییە). ئەو بەکرێگیراوانە کردەی تیرۆرکردن بەرامبەر پاداشتێکی مادی جێبەجێ دەکەن، دوای جێبەجێکردنیش خۆیان لە شارێکی دیکە، یاخود لە دەرەوەی وڵات بۆ چەند مانگێک دەشارنەوە، مووچەیەکی مانگانەشیان پێدەدرێت، کە دەگاتە نزیکەی ١٥٠٠ دۆلار. بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی نووسەر ئەنجامی داون، پێدەچێت کاری هاوشێوە لە بەسرە (بۆ نموونە لەلایەن پارتی -سەئرولڵا-، واتا بکوژە بەکرێگیراوەکانی شەیبانی) و لە باشووری عێراق لەلایەن گرووپەکەی ئەبوئیمان دەڕاجییەوە جێبەجێ بکرێت. هاوکات ئاماژەش هەیە کە حزبوڵا پەرەیداوە بە پەیوەندییە سەربەخۆکانی لەگەڵ کۆمەڵێک لیژنەی پاسەوانی شەقامەکاندا، کە بەپێی وتەی حەمدی مالیک «گرووپێک گەنجی بەڵتەجی سەر بە ئێرانن». ئەو لیژنانەش وەک: (رەبعەڵڵا)، (بەرەی ئەبو جەداحە)، (جوند سلێمانی) و (شەبیبەت سەفوە). شایەنی باسە ئەم گرووپانە هێرش دەکەنە سەر ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنی و نووسینگەی پارتە سیاسیانەی ڕەخنە لە حزبوڵا و میلیشیای دیکە دەگرن. هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی حزبوڵا، وەک ئەو ئەندامانەی بەپێی وتەی خۆیان سەر بە دامەزراوەی (زەینەبیات)ی ئافرەتانن، بەشدارن لەو جۆرە هێرشانەدا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، دەکرێت گرووپەکانی دیکەی گەنجان و خوێندکارانیش لە حزبولادا بۆ ئەو جۆرە کارانە بەکاربهێنرێن.

یەکێک لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوە ڕووکەشەکان، هێرشکردنە سەر ئامانجە ئەمەریکی و خۆرئاواییەکانە. لە دیدی نووسەرەوە و بە پشتبەستن بە بۆچوونی چاودێرەکان، حزبولا ئێستاش بزوێنەری هێرشە مووشەکییەکانە بۆسەر پێگەکانی هاوپەیمانان و ئەو بارهەڵگرانەی پەیوەندیان بە هاوپەیمانانەوە هەیە. بەڵام ناتوانێت بەرپرسیارێتی خۆی لەو هێرشانە ئاشکرا بکات و پێویستە خۆی لە بەرپرسیارێتییەکەی بدزێتەوە، ئەمەش بەهۆی هەڵکشانی بێزاری ناوخۆیی لەو جۆرە کارانە، کە لە بیانییەکان زیاتر هاووڵاتییە عێراقییەکان دەکاتە قوربانی و زیان لە هەوڵەکانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی کۆرۆنا، دارمانی نرخەکانی نەوت و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دەدات.

پێدەچێت قاسم سلێمانی پێش چەند مانگێک لە کوشتنی درکی بەوە کردبێت، کە ئەو شێوازە کارکردنە بووەتە پێویستی. چونکە لەو کاتەی نارەزاییە گەورەکان لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩ دەستیپێکرد و گرژییەکانیش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هاتەئاراوە، سلێمانی فەرمانیداوە بەشێوازێک هێرشەکان ئەنجام بدەن، کە بتوانن خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکەی بێبەری بکەن. ئاژانسی (ڕۆیتەرز) بەپشتبەستن بە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی سەرچاوە عێراقییەکان، بەم شێوازەی خوارەوە باس لە بەستنی کۆبوونەوەیەک لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩ دەکات:

«لە ڤیلایەکدا لە شاری بەغدا لە تشرینی یەکەم/ ٢٠١٩، سلێمانی داوای لە سەرکردەکانی نێو کۆبوونەوەکە کرد، کە گرووپی نوێی شێوە میلیشیایی لەو گرووپە نیمچە سەربازیانە پێکبهێنن، کە لەلای ئەمەریکا نەناسراون و دەشتوانن هێرشی مووشەکی بۆسەر ئەمەریکییەکانی نێو بنکە سەربازییە عێراقییەکان ئەنجام بدەن. سەرچاوەکانی سەر بەو گرووپانەی ئاگاداری کۆبوونەوەکە بوون دەڵێن، سلێمانی فەرمانی بە حزبولا کردووە، کە پلانی نوێ ئاراستە بکات. یەکێک لە سەرچاوەکانیش لە میلیشیاکانەوە بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، کە ئەو فەرمانەدە ئێرانییە پێی وتوون، ئەستەمە ئەمەریکا بتوانێت ئەو جۆرە گرووپانە بدۆزێتەوە».

ئەمەی سەرەوە بوونی ئەو گرووپە نوێیانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە هێرشەکانی سەر ئامانجە بیانییەکان دەگرنە ئەستۆ. ئەمڕۆش ئەو هەوڵانە لەلایەن یەکێک لە یاریدەدەرە نزیکەکانی سلێمانییەوە بەڕێوەدەبرێت، کە ناسراوە بە حاجی حامید. ئەم کەسە گرووپێکی نوێی لە چەکدارە عێراقییەکان لە ژێر ناوی (واریسون) دامەزراندووە و لە سەربازگەی سوپای قودس لە دێزفولی باکووری خۆرئاوای ئێران مەشقیان پێدەکرێت. لەدوای جەنگەکانی پاش ساڵی ٢٠١١ لە سوریا و عێراق، ئێستا کۆمەڵێکی گەورە لە چەکدارە گەنجە شارەزاکان لە ئارادان، کە دەکرێت لەنێویاندا ئەندامی نوێ هەڵبژێردرێت. ئەگەر وەک ڕاپۆرتەکانیش دەڵێن، گرووپەکانی هاوشێوەی جابری، چەکی بێدەنگ و تەنانەت سیستمی گەڕۆکی بەرگری ئاسمانیان پێدرا بێت، ئەوا لە داهاتوودا ڕەوتێکی نهێنی تیرۆر لە عێراقدا سەرهەڵدەدات.

## بەشی هەشتەم و کۆتایی: کەتائیبی حزبولا و گرووپەکانی دیکە لەدوای موهەندیس

لەو کاتەی حکومەتی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەبو مەهدی موهەندیس و کەتائیبی حزبولاشی پێکەوە خستە نێو لیستی تیرۆرەوە، زۆر لە چاودێران بە نووسەریشەوە، ئەو دوانەی بە هاوتەریب دەبینی.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە موهەندیس لە دامەزراندنی کەتائیبی حزبولادا بەشدار بووە و سەرپەرشتی چالاکییەکانی کردووە، بەڵام هەردووکیان زیاتر لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ بەشێوەیەکی ڕیزپەڕ دەرکەوتن. لە کۆتاییشدا موهەندیس بووە ڕێکخەری گشتی ملیشیا شیعەکانی عێراق و هەموو پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی. واتا کوشتنی موهەندیس تەنها چەپۆکێک نەبوو بۆسەر کەتائیبی حزبولا، بەڵکو بۆ گشت گرووپەکان، ئەمەش وایکرد بەستەرەکانی نێوانیان لاوازبێت و ئامرازێکی گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەناوبچێت، واشیکرد ڕامکردنیان گرانتر بێت. هەرچی ئەبوفەدەکیشە، ئەوا کارەکتەرێکی تەواو جیاوازە، ئەو تواناکانی کەمترن، بەشێوەیەکی گشتیش کەسێکی نەخوازراوە، بەئاستەمیش بەسنراوەتەوە بە کەتائیبی حزبولاوە، تەنانەت دەسەڵاتیشی بەسەر ئەو گرووپەدا نییە، ئەو سەرکردەیەشی لە سوپای قودسەوە پاڵپشتی دەکات، کەسێکە هەژموونێکی کەمتری لە سلێمانی هەیە. یەکێک لە بەرپرسانی هەواڵگری ئەمەریکی بە نووسەری وتووە «موهەندیس چاک دەیزانی چۆن ئەندامە لاسارەکانی نێو کەتائیبی حزبولا دەستەمۆ دەکات. ئەوان ئێگەشتبوون کە وا باشە مشتومڕی لەگەڵدا نەکەن. لەدوای کوژرانی موهەندیسیشەوە، چی تر ناتوانرێت حزبولا ڕامبکرێت».

بەرپرسێکی حکومەتی عێراقی، کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ لایەنە کاراکانی نێو گرووپەکاندا هەیە، لەوە زیاتر دەڵێت «کەتائیبی حزبولا گرووپێکی سەرکە. کارەکان بە شێوازی خۆی ئەنجام دەدات. ئەوان هەڵەشەن و هەمیشە هەوڵدەدەن چالاکی نوێ لە عێراق و سوریادا ئەنجام بدەن. بەڵام چالاکی نارێکخراو. ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری لایەنەکانی دیکە (گرووپە سیاسییەکان)، ئەوانەی پێیانوایە ئایندەیەکی سیاسیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەترسن بنکە جەماوەرییە توندڕەوەکەیان لەدەست بدەن».

نەمانی ئەبومەهدی موهەندیسی سەرپەرشتیاری کەتائیبی حزبولا، کە کەسایەتییەکی سەربازی و

سیاسی بوو، لە زیادبوونی شکستەکانی ئێستای حزبوڵادا ڕەنگی داوەتەوە: دارمانی حکومەتەکەی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی، شکستهێنان لە دانانی سیاسەتمەدارێکی دیکەی سەر بە ئێران لەو پۆستەدا، دامەزراندنی کازمی وەک سەرۆک وەزیران و سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە توندەی ئێستا، کە لە ڕێگای دامەزراندن و هەنگاوەکانی دیکەی حکومەتەوە هەوڵی جڵەوکردنی میلیشیاکان دەدات. لەگەڵ ئەوەی ئێستاش کەتائیبی حزبوڵا یەکەم هێزی دووژمنی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە عێراقدا، بەڕادەیەکی زۆریش هێرشە مووشەکییەکان و بۆمبە چێنراوەکان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیوەندیان بەو گرووپەوە هەیە، بەڵام ئەو گرووپە ئێستا تایبەتمەندییە سیاسییەکەی خۆی لەدەستداوە. چونکە باڵە سەربازییە بەهەژموونەکەی نێو حزبوڵا -ئەبوحسێن و ئەبو زەینەب لامی- دوای کوژرانی موهەندیس، کەمتر بەستراونەتەوە بە سیاسەتەوە، بەجۆرێک هەردوو سەرکردەکە ئارادەیەکی زۆر سەر بە ڕەوتی (موقاومین)ن، واتا زۆر پابەندن بە سەربازگەی مقاومەوە، کە لەودیو سنوری نیشتمانییەوە، دژایەتی ئەمەریکا، ئیسرائیل و سعودییە دەکات، بەشێوەیەکی تایبەتیش خواستی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تۆڵەسەندنەوە بۆ سلێمانی و موهەندیس و کوژراوانی کەتائیبی حزبوڵایان هەیە. ئاماژەی پێشوەختەش هەیە، کە کەتائیبی حزبوڵا بووەتە گرووپێکی دابڕاو، وەڵامیشی بۆ ئەو ئاماژانە نییە، کە هاوبەشەکانی ئاڕاستەی دەکەن، بە ئێرانیشەوە.

یەکێک لە بژاردەکانی بەردەم سوپای قودس، ئیتلاعات و حزبوڵای لوبنانی ئەوەیە، کە هەریەکە و بۆخۆی کاربکات، تا بتوانن هەندێک چالاکی لەنێو دەوڵەتی لاوازی عێراقدا جێبەجێ بکەن. بەهەڵدانەوەی مێژووی ئەبو مەهدی موهەندیس و کەتائیبی حزبوڵا و گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران لامان ئاشکرا دەبێت، کە سەرکردە ئێرانی و لوبنانییەکان تەنها کارەکانیان بە ناڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەکردنی هەژموونی خۆیان لە ڕێگای موهەندیس، یاخود بەرپرسێکی سەرەکی دیکەوە ئەنجام نەداوە. بەڵکو لە سەرەتاوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردەی میلیشیا عێراقییەکاندا کاریان کردووە و بەکارهێنانی ئەم شێوازەشیان بەردەوام لە زیادبووندایە. ئەمڕۆش هەندێ کەسی بەکرێگیراوی کارای حزبوڵای لوبنان، وەک (کەوسەرانی) کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژمارەیەک میلیشیای عێراق هەیە، تەنانەت هەندێک ئەندامی ڕەوتی سەدریش. شایەنی باسە حزبوڵای لوبنان بەردەوام عێراق دەدۆشێت. سوپای قودسیش بە سوود وەرگرتن لە هەوڵەکانی موهەندیس، دەیتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەو ملیشیایانەی باکووری عێراق دروستبکات، کە پێکهاتبوون لە چەند کەمینەیەکی عێراقی، وەک فەیلییەکان، شیعە تورکمانەکان، ئێزیدییەکان، شەبەک و عەرەبە سوننەکان (بەتایبەت عەرەبە سوننەکان و تورکمانەکان). شایەنی باسە کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای قودس بەشێوەیەک بەندەرەکانی عێراقیان بەکارهێناوە، وەک ئەوەی سەر بە ئێران بێت، نەک سەر بە دەوڵەتی عێراق، ئەمەش بە هاوبەشی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عێراقی لە دەرەوەی گرووپ، یاخود میلیشیا سەرەکییەکان. مەرجیش نییە ئێران و حزبوڵای لوبنانی تەنها لەڕێگەی گرووپەکانەوە بتوانن عێراق وەک گۆڕەپانی خستنەڕووی هێز بەکاربهێنن، بەڵکو دەتوانن هەر تائیفە و ئینێکی عێراقی وەک بەکرێگیراو، یاخود تیرۆریست بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن.

ئاشکرایە کەتائیبی حزبوڵا تاکە گرووپ نییە، کە سوپای قودس بەکاریدەهێنێت. چونکە ئەو سوپایە دەتوانێت کۆمەڵێک ئەندامی کۆن و کۆمەڵێکی نوێ تێکەڵ بکات و بەرەیەکی بەرگری نوێیان لە عێراق لێ پێکبهێنێت. ئەم توێژینەوەیەش سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ دوو سەرکردە، کە سەر بە حزبوڵا نین و ڕەنگە لە ئایندەدا وەک کارەکتەری سەرەکی دەربکەون، ئەوانیش: ئەبوئیمان دەڕاجی لە سەرایا جیهاد و کازم جابری لە سەرایا عاشورا. هەردوو کەسەکەش ئەرکی سەرەکیان لەلایەن سوپای قودسەوە

پێدراوە، وەک ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی نارەزاییەکان، دژایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و نمایشکردنی هێز لە ناوچەکەدا. هاوشێوەی موهەندیس و شەیبانی، ئەم دوو سەرکردەیەش بەرهەمی پەرتبوونی بەردەوامی (ڕێکخراوی بەدر)ن، کە بەخێرایی دابەشبوو بۆ چەند گرووپێکی زۆر. هاوکاث ئەگەر شوێنی چەکەکانی کەتائیبی حزبولّا بووە جێی چاودێرییەکی توندتر، ئەوا سوپای قودس دەتوانێت بچێتە نێو دامەزراوەی سەر بە گرووپی دیکەوە، وەک ئەو بەشەی سەربازگەی (سەقر)ی باشووری بەغدا، کە لەژێر دەستی (کەتائیبی سەیدولشوهەدا)دایە، یاخود حەشارگەی تەقەمەنی کەتائیبی ئیمام عەلی لە (فڕۆکەخانەی سوێرە).

وەک یەکێک لە عێراقییە بەئاگاکان لەو بابەتە دەڵێت: ئێران لە ئێستادا هیچ گرووپێکی پێش ئەوانی دیکە نەخستووە. هەروەها خامنەیی بێزارە لە هەموو میلیشیاکانی عێراق و تەنها متمانەی بە حزبولّای لوبنان هەیە و لە ئایندەشدا پشت بەو دەبەستێت. شایەنی باسە، ئێران بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی میلیشیاکان و هاوکارییەکانی بۆ هیچیان نەپچڕاندووە. بەڵام هاوکاث هەندێک ئەندامی بەتوانا هەڵدەبژێرێت و گرووپی بچوک لەژێر ناوی جیاوازدا ڕێکدەخات و پاڵپشتیان دەکات. هیوای گەورەشی بەهیچ کام لە میلیشیاکانی ئێستا نییە.

دوای ئەوەی ناسنامەی کەتائیبی جیزبولّلا لەپاڵ ناسنامەی چەند لایەنێکی دیکەدا لە دیارترین بریکارەکانی سوپای قودس پێش نزیکەی ١٥ ساڵ ئاشکرا بوو، پێویستە جارێکی دیکە ئەو گرووپە بەسەر چەند یەکەیەکی بچوکتردا دابەشببێتەوە و دووبارە ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە و بگەڕێتەوە پشتی پەردە. هیچ نامۆش نییە کەتائیبی حزبولّا کە ئێستا بەشێوەیەکی زۆر فراوانبووە، ببێتە قوربانی دابەشبوون و پەرتبوونەکان، بەتایبەت بەهۆی نەمانی سلێمانی، یاخود موهەندیسەوە، کە ئاشتی نێوان گرووپەکانیان پاراستبوو. ڕەنگە پێکهێنانی گرووپی (واریسون)، کە لە پێشتردا باسمان لێکرد، ئاماژە بێت بۆ جیابوونەوەی بەکرێگیراوە گەنج و بەتوانا و نەناسراوەکان، ئەمەش ئاڕادەیەکی زۆر شێوازی دروستبوونی خودی کەتائیبی حزبولّامان بیردەهێنێتەوە.

**سەرچاوە: پەیمانگای واشنتۆن**

https://www.washingtoninstitute.org/media/٤٠٩٦

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS